# سەرۆک بارزانی:
# سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن سەرکەوتنە بۆ کوردستان و دەسکەوتێکی مەزنە بۆ گەلەکەمان

دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بە بۆنەی کۆتایهاتنی سەرکەوتووانەی پرۆسەی دەنگدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خەڵکی سەربەرزی کوردستان دەکەم. سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستانە و دەستکەوتێکی مەزنیشە بۆ گەلەکەمان. داوا لە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان و هاووڵاتییە بەڕێزەکان دەکەم هێمنی و تەبایی کوردستان بپارێزن و لە پێناو پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و ئاسوودەیی خەڵک هەموو جۆرە تەقەیەکی خۆشی ڕابگیرێت و هەروەها هەموو لایەکیش ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگرن کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕادەگەیێنرێت.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان




The Prime Minister

# پەیامی نێچیرڤان بارزانی
# بە بۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە

## سوپاس بۆ خوا و گەلی کوردستان
## هەڵبژاردن بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات و
## وێنەیەکی جوانی گەلەکەمانی پیشانی جیهاندا

ئەمــڕۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردســـتان کۆتاییهات، ســـوپاس بۆ خوا و هەموو گەلی کوردســـتان کە هەڵبژاردنەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو و وێنەیەکی جوانی لە دیموکراسیبوونی گەلەکەمان و هەرێمی کوردستان پیشانی هەموو جیهان دا .

بەڕاستی ئێمە سەربڵندین بە وشـــیاریی گەلەکەمان. دەنگدەرانی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی نموونەیەکی زۆرباشیان پیشان دا لە بەشداریکردنێکی زۆر جوان لە هەڵبژاردندا، تەنانەت بوونە هۆی ئەوەی کە لایەنەکانیش بە شـــێوەیەکی مەدەنیانە بجووڵێنەوە، ئەوەش نیشـــانەیەکی زۆر گەورەیە لە پێشکەوتنی گەلەکەمان و جێگەی ڕێزە و لەبیرناکرێت .

دەمەوێ سوپاسی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاســـایش و پۆلیس و هەموو هێزەکانی ناوخـــۆ بکەم. هەروەها سوپاســـی ئـــەو ڕێکخـــراوە مەدەنـــی و چاودێـــرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیانە دەکەم کە چاودێریی پرۆسەی دەنگدانیان کرد.

داوا لـــە هەمـــوو لایەنەکان دەکـــەم کە ئەو ســـەرکەوتنەی گەلی کوردستان بە جووڵانەوەیەکی سیاسیانەی باش تەواو بکەن و دوای ئاشـــکراکردنی ئەنجامەکان؛ زوو بکەونە خۆیان بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی تازە کە شایانی ئەو وشیاری و سەرکەوتنەی گەلی کوردستان بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
















## لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا

# پارتی ئۆپشنی جیاوازی دروستکرد بۆ ئەوەی دەنگدەر بڕیار بۆ حکومڕانی باش بدات



لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ کە بۆ یەکەمجار لە کوردستان هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجامدرا و تیایدا گەلی کوردستان وەك ئاهەنگی سەرفرازی بەشداری لە هەڵبژاردن کرد و بۆ یەکەمجار پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کورستان دامەزرا، لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەگەڵ ئەوەی چەندین هەڵبژاردنی دیکە ئەنجامدراوە، بەڵام هیچ جارێك هێندەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان گەرموگوڕی بەخۆەوە نەبینووە، لەمەش گرنگتر وەك لە ئاستی بەشداری دەنگدانی تایبەت دەرکەوت، هیچ کاتێك هێندەی ئەمجارە ئاستی بەشداریکردن بەرز نەبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە خەڵکی کوردستان ئومێدێکی یەکجار گەورەی لەسەر بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنە هەڵچنیووە و، بەشداری بەرزی هاووڵاتیانیش لە پرۆسەی دەنگدان پێش ئەوەی بەو ئاراستەیە بخوێنرێتەوە کە چ لایەنێکی سیاسیی لەم هەڵبژاردنە ڕێژەی دەنگ چەند بەدەست دەهێنێت و چ لایەنێك حکومەت پێکدەهێنێت، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کاتێك هاووڵاتیان بەم ڕێژە بەرزە بەشداری

له پرۆســـەی دەنگدان دەکات، مانای ئەوەیە شێوازی حکومڕانی لە سیستمی دیموکراتی هەرێمی کوردستاندا ئومێدی بـــۆ خەڵك دروســـتکردووە و خەڵك ئومێدی بەوەیە کە ئەم سیستمە دیموکراتیە بەرەو ئاراستەیەکی راســـتی حکومڕانی باش هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمە ئاماژەیـــە بـــۆ ئـــەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن بە تایبەتی بزووتنـــەوەی گۆڕان چەنـــد هەوڵیدا خەڵك نائومێد بکات لەم سیســـتمە، بەڵام بەشداری خەڵك لە پرۆســـەی دەنگدان ئەو راستیەی سەلماندەوە کە خەڵك لەو شـــێوازە ناشارستانیەی ئۆپۆزسیۆن نائومێد بووە و لەسەر سندوقی دەنگدان لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو لایەنە دەکات کە بەدرێژایی چوار ساڵی رابردوو نەیانویستووە رووە جوانەکانـــی حکومڕانی کوردســـتان و هەروەها نەیانهێشتووە زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆ بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی هاوولاتی راستەوخۆ بەشداری لەدروستکردنی بڕیاری سیاســـی بکات، هەروەها راستەوخۆ بەشداری لە دەستنیشـــانکردنی کەموکورتیـــەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیەکان بکات.

**شێوازی حکومڕانی لە سیستمی دیموکراتی هەرێمی کوردستاندا ئومێدی بۆ خەڵک دروستکردووە و خەڵک ئومێدی بەوەیە کە ئەم سیستمە دیموکراتیە بەرەو ئاراستەیەکی راستی حکومڕانی باش هەنگاو هەڵدەگرێت**

ئۆپۆزسیۆن بە درێژایی چوار ساڵی رابردوو لەهەوڵی ئەوەدابوو کە شێوازی ململانێ و کێبرکێی نێوان لایەنە سیاســـییەکانی حکومڕان و ئۆپۆزســـیۆن، لەشێوازی مەدەنی و دیموکراتیانەوە بگۆڕن بۆ شێوازی توندوتیژی و نامەدەنیانە، ئۆپۆزســـیۆن هەوڵیـــدا ململانێی نێوان حزبەکانـــی حکومـــڕان و ئۆپۆزســـیۆن بگۆڕێت، بۆ دوژمنایەتی نێـــوان حەلال و حـــەرام و دیموکراتی و دیکتاتۆریـــەت، هەوڵیاندا هەمـــوو میکانیزمەکانی نێو سیســـتمی دیموکراتی بەکاربهێنـــن بۆ لەناوبردنی سیســـتمە دیموکراتیەکە، ئەوان ویستیان بە پەنابردن بۆ میکانیزمەکانـــی دیموکراتی، وەك پەرلەمان و ئازادی رادەربڕین، فێڵ لەدیموکراتـــی بکەن و دیموکراتی بە ئامرازەکانی خۆی سەرکوت بکەن، بەڵام لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان توانـــی هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی ئەوتۆ پیادە بکات کە ئـــەو دەنگانە کپبکاتەوە کە چوار ســـاڵە هەموو هیواو ئاواتیان ئەوەیە بە ئامرازەکانی دیموکراتی سیســـتمە دیموکراتیەکە لەبار بەرن.

### ئامانجی سەرەکی پارتی ئەوەبوو کوردستان پرۆسە دیموکراتیەکە بەرێتەوە

شـــێوازی پیادەکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە، شێوازێکی تازە بوو، ئامانج لەم شـــێوازە تازەیە دروستکردنی وەرچەرخانێك بوو بەوەی پرۆسەی دیموکراتی لەکوردستان گەیشتۆتە ئاســـتێك کە شـــێوازی حکومڕانی و هاندانی خەڵك بۆ بەشـــداری لە پرۆســـەی سیاســـی و بەشداربوون لە پرۆســـەی بڕیارداندا گۆڕانی ریشـــەیی بەسەردا هات، بۆ ئەم مەبەســـتەش لیژنـــەی باڵای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی بـــەم هەنگاوانە وەرچەرخانی گەورەی دروستکرد:

١. پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان پێنـــج رۆژ دوای دەســـتپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، بەشـــێوەیەکی فەرمـــی و لـــە ئاهەنگێکـــی جەماوەری گـــەورەدا هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆی دەســـت پێکرد. ئامانجی پارتـــی لەم دواخســـتنە ئـــەوە بوو کـــە هاوولاتیانی کوردســـتان بەراودکارییەك بکەن لەنێوان ئەو شـــێوازە تەقلیدی و ناشارســـتانیەی لایەنە سیاســـییەکان بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن دەســـتیان پێکردووە، لەگەڵ ئەو شێوازە تازەیەی پارتی بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن پیادەی دەکات.

٢. پارتی لەگەڵ دەسپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئەو شێوازەی رامالّی کە لایەنەکانی دیکە بە تایبەتی ئۆپۆزســـیۆن هەڵمەتی هەڵبژاردنی پێ گەرم کردبوو، لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن هەموو کەرەستەی دەستیان ئەوەبـــوو بەرامبەر خـــراپ و خائیـــن و خۆفرۆش و دیکتاتۆرە، بۆیە بەرامبەر رەتکەنەوە و ئێمە هەڵبژێرن، بـــەڵام هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارتـــی ئەم ئەقڵیەتەی گـــۆڕی، پارتی رایگەیاند لە پرۆســـەی دیموکراتیدا بەرنامەی باش و باشـــتر هەیە، لایەنی باش و خراپ هەیە، چونکە لایەنی خراپ لە پرۆســـەی دیموکراتی جێگـــەی نابێتەوە، بۆیە بە هاوولاتیانی کوردســـتانی راگەیانـــد ئەمـــە بەرنامەی پارتیە بـــۆ حکومڕانی داهاتوو، پارتی نەیووت لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن خائین و خۆفرۆش و نانیشتمانین، پارتی وتی بەرنامەی ئێمە لەبەرنامەی ئەوانی دیکە باشـــترە، بەمەش ئەقڵیەتی کێبرکێی لەناو پرۆســـەی دیموکراتـــی، لە کێبڕکێی نێـــوان باش و خراپ، حەرام و حـــەلال، دیموکراتی و دیکتاتۆری، گۆڕی بۆ کێبڕکێی نێوان بەرنامەی باش و باشتر.

٣. لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن لەگەڵ ئەوەی بەم شێوازە تازەیـــەی پارتـــی و بەم هەڵمەتـــە مۆدێرنەی پارتی نامۆ بوون، بەڵام شـــێوازی مۆدێرنانـــەی پارتی بۆ پیادەکردنی ئەم شـــێوازە تازەیە، سەری لە لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن تێکدا، ئەوان لەگەڵ ئەوەی بەناچاری و لەبەر ئەوەی چاوەڕێـــی ئەو هەڵمەتە تازەیەی پارتیان نەدەکـــردو، خۆیان بۆ ئـــەوە ئامادەنەکردبوو ململانێی بەرنامەی سیاسی لەگەڵ پارتی بکەن و تەنیا خۆیان

ئامادەکردبوو دوژمنایەتی سیاسی لەگەڵ پارتی ئەنجامبدەن، بۆیە لە پێنج ڕۆژی یەکەمی هەڵمەتەکان و پێش ئەوەی پارتی دەست بە هەڵمەتەکانی خۆی بکات، بە ئاراستەی دوژمنایەتیکردنی پارتی هەرچی هەیانبوو کردیان، ئەوان چاوەڕێی ئەوە بوون پارتی بە هەمان ئاراستە کاردانەوەی هەبێت، بەڵام لەیەکەم گوتاری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەبوو کە خۆیان لە وەڵامدانەوە بەدوور بگرن و بەهیچ جۆرێك وەڵامی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن نەدەنەوە و تەنیا بایەخ بە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن. بۆیە ئەمە وایکرد ئەو کارتەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەگشتی و بزووتنەوەی گۆڕان بەدەستیەوە بوو بۆ ئەوەی پارتی پێ سەرقاڵ بکات و بوار بۆ ئەوە نەمێنێتەوە کە پارتی بتوانێت بەرنامەی خۆی بە شێوەیەکی جوان بخاتە بەردەمی دەنگدەری کوردستان، ئەو کارتەیان بووە کارتێکی سوتاو و، کە کار گەیشتە ئەوەی پارتی ناچار بێت لەسەر زای چاودێرێکەوە هۆشداری بداتە نەوشیروان مستەفا کە بە یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوا ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان ناچار بوو گوتارە توندەکانی خاو بکاتەوە.

٤. پارتی لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەوڵیدا بنەمای سیاسەت و شێوازی مامەڵەی لایەنە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی فرەلایەنیدا، لەبنەمای رق و کینەوە بگۆڕێت بۆ بنەمای خۆشەویستی و یەکتری قبوڵ کردن، لەم روانگەیەوە ئەگەر چاودێری سیاسی لەماوەی ئەو ١٨ ڕۆژەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان جارێکی دیکە بەشێوەیەکی پانۆرامی توێژینەوەیەکی ورد لەسەر شێوازی رووماڵکردنی میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بینرا و بیستراو نووسراو و ئۆنلاینەوە بکات، ئەوا هەست بەو راستیە دەکات کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەك تاکە لایەنی سیاسی هەوڵیداوە بنەمای سیاسەت و مامەڵەی سیاسیی لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە بنەمای رق و قین و دوژمنایەتی سیاسییەوە بگۆڕێت بۆ بنەمای یەکتری خۆش ویستن و پێکەوە ژیان، هەر بۆیە ئەگەر سەیری باری سایکۆلۆژی ئەندام و لایەنگر و هەوادارانی پارتی بکەیت، هەست دەکەین پارتی زەمینەیەکی سایکۆلۆژی ئەوتۆی بۆ خەڵکانی خۆی دروستکردووە کە بە ئاسانی بەرامبەر قبوڵ بکات، ئەمەش وایکردووە ئەندام و لایەنگران و دۆستانی پارتی بەو ئاراستەیە بانگێشە بۆ پارتی دەکەن کە بەرنامەی حزبەکەیان لەبەرنامەی بەرامبەر باشترە، نەك بەرنامەی بەرامبەر دوژمن و خراپ بێت.

ئەگەر لەم خاڵانەوە هەڵوەستە لەسەر شێوازی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، دەبینین پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامانجی یەکەمی ئەوە نەبووە کە هەڵبژاردنەکە بە هەر شێوازێك بباتەوە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوەبووە کە پرۆسەی دیموکراتی لەکوردستان سەرکەتوو بێت، پارتی وەك حزبێکی پێشەنگ و بەهێزی دیموکراتی لەو راستیە تێگەیشتووە، کە تەنیا بردنەوە لە پرۆسەی دەنگدان سەقامگیری و ئارامی و خۆشگوزەرانی لە وڵاتدا دروست ناکات، بەڵکو ئەوەی سەقامگیری لە وڵات دروست دەکات، بونیادنانی ژێرخانی رۆشنبیری و دیموکراتی و پابەندبوونە بە بنەماو ڕێساکانی دیموکراتیەوە، بۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، هەست بەو راستیە دەکەین کە خۆ بەدوور خستنی پارتی لەهەندێك رووبەڕووبوونەوە و شەڕە قسەی بێ مانا و سووکایەتی کردن بە یەکتری، لەبەر ئەوە نییە پارتی لاوازە یان هۆکاری پێویستی بۆ بەرپەرچدانەوە و پوچەڵکردنەوەی ئەو شێوازە ناشارستانیانە لەبەردەست نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی پارتی ئەوەیە ئەو شێوازە ناشرینەی هەندێك لایەنی سیاسیی بە تایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەناو سیاسەتی کوردستانیدا دروستیکردووە لە ریشەوە کۆتایی بێت، لەوانەیە دەستخستنە سەر ئەم خاڵە بە جۆرێك لە پیاهەڵدان بە پارتی و سیاسەتی پارتی بخوێنرێتەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە تەواو تەواو پێچەوانەکەی راستە، لەبەر ئەوەی نەك هەر سیاسەتی پارتی، بەڵکو کەلتوری کوردایەتی بەرامبەر بەو شێوازە ناشرینەی کە بزووتنەوەی گۆڕان و ڕێکخەرەکەی لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردوو هێناویانەتە ناو شێوازی سیاسەتکردن لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، هەموو لایەکی سەرسامکردووە، سەرسامیەکە لەوەدایە چۆن کەلتوری کوردایەتی ڕێگە دەدات سووکایەتی بە حزبێکی سیاسیی یان سەرکردەیەکی سیاسی بکرێت، بەڕێز مسعود بارزانی لەمیانەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و بۆ جەماوەری سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد، رۆڵەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٣ ئامادەبوون بمرن و بەزیندوویی زیندە بەچاڵ بکرێن، بەڵام ئامادە نەبوون قسەیەکی ناشرین بە ڕێبەری شۆڕش و بە شۆڕشی رزگاریخوازی کوردستان بدەن، پرسیار و سەرسوڕمان لێرەدا ئەوەیە بۆچی تەنیا دوای چەند ساڵێك هەر لەشاری سلێمانی ئەو کەلتورە ناشرینە

**پارتی لەگەڵ دەسپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، ئەو شێوازەی رامالّی کە لایەنەکانی دیکە بە تایبەتی ئۆپۆزسیۆن هەڵمەتی هەڵبژاردنی پێ گەرم کردبوو**

دروست بوو سووکایەتی بەهەموو پیرۆزییەك بکرێت، بۆچی ئەم کەلتورە تەنیا لەو ناوچانە بوونی هەیە کە بەردێژایی پەنجا ساڵی رابردوو رێکخەری ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان رۆڵی هەبووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی تەنیا ئەو کەسانە ئامادەن سووکایەتی بە حزبە سیاسییەکان و سەرکردە سیاسییەکان بکەن کە لە نەوشیروان مستەفا و تاقمەکەی نزیکن؟ فەرموون با رووماڵێکی هەموو ئەو رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانە بکەین کە ئێستا لە نەوشیروان مستەفا و تاقمەکەی نزیکن و لەگەڵ رابردوویان بەراوردی بکەین و سەرنج بدەین، ئایا چەند رۆشنبیر دەبینین دوای ئەوەی لە نەوشیروان مستەفا نزیك بوونەوە فێری شەڕە جنێو و سووکایەتی کردن بەحزب و کەسایەتیە سیاسییەکان بوون، هەر ئەو رۆشنبیرانە پێش ئەوەی لە رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان نزیکببنەوە، رۆژێك سووکایەتیان بە حزبێکی سیاسیی یان کەسایەتیەکی سیاسی نەکردووە، لەمەش راشکاوانەتر ئەوەیە لە شارێکی وەك سلێمانیدا چەندین ئاراستەی سیاسی جیاواز و چەندین حزبی سیاسی بوونی هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی بێجگە لە بزووتنەوەی گۆڕان، لایەنە سیاسییەکانی تر پەنا بۆ سووکایەتی و ناشرینکردنی بەرامبەرەکەیان نابەن، تەنانەت یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی دوای ئەوەی بوونە هاوپەیمانی بزووتنەوەی گۆڕان، پەنا بۆ قسەی زبر و هەندێك جار لاساییکردنەوەی گۆڕان دەبەن، بەلایەکی دیکەشدا بۆ لە شارەکانی دیکەی کوردستان لەو شارانەی پەتای سووکایەتی سیاسی رێکخەری گۆڕانی تیا بلاو نەبۆتەوە، بۆچی رۆژنامەنووس و رۆشنبیران بیرکردنەوەیەکی دیکەیان هەیە. ئەگەر لەسەر ئەم پرسە راشکاوانە هەڵوەستە بکەین و تەنیا هەولێر بەنموونە بهێنینەوە کە بارەگای سەرەکی هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی تێدایە، دەبینین تەنیا هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان لە شەڕە جنێو و سووکایەتی کردن بە بەرامبەر سڵناکەنەوە ئەوجا بەرامبەرەکەیان هەر لایەنێك بێت و لەبیروبۆچووندا لەگەڵ ئەوان یەکنەگرێتەوە، بەڵام داخی دڵی گەورەیان بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە، پارتی زۆر جار وەڵامیان ناداتەوە و رۆژ لەدوای رۆژیش جەماوەری پارتی زیاتر دەبێت و پارتی زیاتر لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە باوەشی بۆ دەکرێتەوە، ئەمە هیستریایەکی تووشی رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان کردووە، کە پەنا بۆ هەموو شتێك بەرن بۆ ئەوەی ئاستی جەماوەری پارتی بێننە خوارەوە، بەڵام لەبەرامبەردا پارتی نەك هەمان سیاسەت لەبەرامبەریان پیادە ناکات، بەڵکو دەستیان بۆ درێژ دەکات بۆ ئەوەی بێنە ناو پرۆسە سیاسییەکە و ئەو پەتایە لە کۆڵ ئەم میللەتە بکەنەوە.

هەربۆیە ئەگەر لەم ئاراستەیەوە سەیری شێوازی تازەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین کە دوای پێنج رۆژ لە دەسپێکی هەڵمەتەکان گۆڕانکاریی ریشەیی بەسەر شێوازی هەڵمەتەکان هێناو تەنانەت هەڵمەتەکەی پارتی بووە هۆکاری جۆرێك لە هێوربوونەوەی بارودۆخە، ئەمە مانای ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرنامەدانان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئامانجێکی هەبووە لە بردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان گەورەتر بووە، پارتی واقیعیبینانە سەیری هاوکێشەی سیاسیی کوردستانی کردووە، بەوەی هەتا ئەگەر دەنگی پێویستیش بێنێت بۆ ئەوەی بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا پارتی زۆر باش لەو واقیعە ئاگادارە کە بۆ ئەم قۆناخەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان لە حکومەت بەشدار بن و پێکەوە ئەم قۆناخە ناسکە تێپەڕێنرێت، یان هەتا ئەگەر چەند لایەنێك لە حکومەتیش بەشداری نەکەن و وەك ئۆپۆزسیۆن بمێننەوە، ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی بن لە چوارچێوەی پابەندبوون بە رێساکانی گەمە دیموکراتیەکە، نەك بەکارهێنانی رێساکانی گەمەی دیموکراتی بۆ لەناوبردنی ئەزموونە دیموکراتیەکە.

### سەقامگیری سیاسیی. بەشداری زیاتر و ئاکامی هەڵبژاردنەکان جوانتر دەکات

با لێرەدا ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەمان شێوازی پێنج رۆژی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵمەتی هەڵبژاردنی پیادە بکردایە، ئایا ئێستا مەزندەی چیمان دەکرد؟ بێگومان ئاشکرایە ئێستا نائومێدی باڵی بەسەر هەموو کوردستان کێشابوو، مەترسی ئەوەمان دەبوو کە ئاستی بەشداری خەڵك لە ئاستێکی زۆر نزمدا بێت، هەروەك چۆن ئاستی نزمی بەشداری خەڵك لە شارەکانی دیکەی عێراق بە راشکاوی هەستی پێدەکرێت، هەربۆیە ئامانجی تاکتیکی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەوەبوو خەڵك نائومێد بکات و رێژەی بەشداریکردنی خەڵك بۆ دەنگدان لە ئاستێکی نزمدا بێت، ئەم تاکتیکە دروست دووبارە کردنەوەی تاکتیکی حزبی ئیخوان موسلمینی میسر بوو، ئەوانیش لەبەر ئەوەی رێکخراوێکی ئایدۆلۆژی توندڕۆی رێکخراوی بەهێز بوون، لەوە دڵنیابوون کە ئەندام و هەوادارانی ئیخوان

**پارتی ئەقڵیەتی کێبڕکێی لەناو پرۆسەی دیموکراتی، لە کێبڕکێی نێوان باش و خراپ، حەرام و حەلال، دیموکراتی و دیکتاتۆری، گۆڕی بۆ کێبڕکێی نێوان بەرنامەی باش و باشتر**




باردۆخەکە هەر چۆنێك بێت، دەچنە سەر سندوقی
دەنگدان و دەنگی خۆیان دەدەن، لەبەرامبەردا چەند
خەڵك نائومێد بێت و نەچنە سەر سندوقی دەنگدان
بۆ بەرژەوەندی ئیخوان موسلیمینەکان دەشکێتەوە، لەم
چوارچێوەیەدا ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر هەڵمەتی
هەڵبژاردنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، بە
سادەیی هەست بەو راستیە دەکەین، کە هەڵمەتی
هەڵبژاردنەکانی گۆڕان و دوو حزبە ئیسلامیەکەی
هاوپەیمانی، بەوجۆرە نەبووە کە باسی بەرنامەی خۆیان
بکەن، بەڵکو بەرنامەی ئەوان بە ناشرین پیشاندانی
بەرامبەر و سووکایەتی کردن بووە بەرامبەر و شەڕە
جنێو و تۆمەت بەخشینەوە بووە، با پرسیار بکەین
بۆچی ئەم تاکتیکەیان پیادەکردووە؟ لەوەڵامی ئەم
پرسیارەدا شێوازی هەڵمەتەکەی گۆڕان و دوو حزبە
ئیسلامیەکە پێمان دەڵێن، ئەوان لەو راستیە تێگەیشتوون
کە ژمارەی دەنگدەریان بۆ زیاد نابێت، بۆیە بیریان
لەوە کردۆتەوە دەنگدەری لایەنەکانی دیکە، بەتایبەتی
دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان نائومێد بکەن
و نەچنە سەر سندوقی دەنگدان، سەیر بکەن حزبێکی
سیاسی وەك بزووتنەوەی گۆڕان، بەپێچەوانەی
سەرجەم حزبە دیموکراتیەکانی جیهان هەموو هەوڵی
بۆ ئەوەیە ئاستی بەشداری خەڵك لەپرۆسەی دەنگدان
کەمبکاتەوە بۆ ئەوەی رێژەی دەنگەکانی خۆی
زیاتر بێت، ئەم سیاسەتە کلاسیکی و ناشارستانیەی
گۆڕان، پەیڕەوی ئەم هاوکێشە ماتماتیکەی کردووە،
(چەند ئاستی بەشداربووی خۆی زیاد بکات و
ئاستی بەشداربووی بەرامبەر کەمبکاتەوە. هێندە
خۆی لەسەرکەوتن نزیك دەکاتەوە)، بەڵام ئایا ئەمەی
بۆ چووە سەر؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو بەپێچەوانەوە
ئەو بەرنامەی پارتی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن
رێکیخستبوو، هەموو ریسەکەی گۆڕانی کردەوە بە
خوری و پارتی لە خاڵە بەهێزەکانی گۆڕانەوە دەستی
بە تێکشانی ئەو پیلانە کرد و، خەڵکی کوردستانی
لەو تەڵەزگەیە قوتار کرد، کە رێکخەری حزبی گۆڕان
بەرنامەی بەوجۆرە دانابوو، دەنگدەران بکەونە ناوییەوە،
بەرنامەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی
کوردستان نەك هەربووە هۆکاری ئەوەی کە نائومێدی
لای هەوادار و دۆست و لایەنگرانی پارتی دروست
نەبێت، بەڵکو نائومێدی لای تەواوی خەڵك رەواندەوە
و خەڵك ئومێدی بە پرۆسەی هەڵبژاردن پەیدا کردەوە،
بە جۆرێکی دیکە ئەم ئومێد پەیدابوونەوەیەی خەڵك
بە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئامادەباشی بۆ بەشداری لە
دەنگدان، بزووتنەوەی گۆڕانی بەجۆرێك تاساند، کە لە

**ئاستی فراوانی بەشداری خەڵک، قەوارەی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە وەک خۆی دەخاتەڕوو کە کار لەسەر بێ ئومێدکردنی خەڵک و دوورکەوتنەوە لەپرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن**

رۆژانی دوایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کەوتە ئەوەی پەنا بۆ هەندێك قسە ببات کە چاودێری سیاسی پێکەنینی پێی دێ، گۆڕان لە دوا ڕۆژەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن هێندە نائومێد ببوو بە ئاشکرا ڕووی دەکردە لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی و پێ دەوتن دەنگدان بە یەکێتی واتە دەنگدانە بە پارتی، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەندامان و لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی بۆ دەنگ بە حزبەکەی خۆیان بدەن دەنگدانە بۆ لایەنێکی دیکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە مەگەر تەنیا ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان بیداتەوە.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێدەڵێت، مەبەست لەم هەڵوەستە کردنە لەسەر شێوازی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵوەستەکردنی دوای ئاشکراکردنی ئاکامەکانی دەنگدان نییە و، لەبەر ڕۆشنایی ئاکامەکانی هەڵبژاردن ئەم خوێندنەوەیە بکەین، بەڵکو ئەم خوێندنەوەیە کاتێك دەکرێت و کاتێك ئەم دێڕانە دەنووسین کە هێشتا پرۆسەی دەنگدانی گشتی دەستی پێنەکردووە و نازانرێت بە وردی ڕێژەی بەشداربووان لە دەنگداندا چەند دەبێت، بەڵکو خوێندنەوەی جۆش و خرۆشی خەڵکی کوردستانە بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی دەنگدان، ئەمەش نەك تەنیا دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو بەشداری تێکڕای خەڵکی کوردستان، ئەم بەشداربوونەی هاووڵاتیانیش کە مەزندە دەکرێت ئەگەر لەئاستی بەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ زیاتر نەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەمتر نابێت، لە ئاکامی هەڵبژاردنەکە گرنگە و ئەوانەشی هەندێك شارەزایی گرفتی پرۆسەی دیموکراتین لە جیهاندا باش دەزانن، ئاستی نزمی بەشداری هاووڵاتیان بۆ دەنگدان نەك نیشانەی پرسیاری خستۆتە سەر پرۆسە دیموکراتیەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەڵکو بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکاش بەیەکێك لە نیگەرانیەکان و تەواو سیاسەتمەدار و پسپۆڕانی زانستی سیاسەتی نیگەران کردووە، لەم بازنەیەدا کاتێك هەست دەکەین ئاستی بەشداری هاووڵاتیان بۆ دەنگدان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوو لەهەڵکشانە، ئومێدی گەورە بە پرۆسە دیموکراتیەکە دروست دەبێتەوە کە لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکرێت:

١. ئاستی فراوان و بەرزی بەشداری خەڵك بۆ دەنگدان، هەنگاوێکە بۆ بەهێزبوونی دامەزراوەی سیستمە دیموکراتیەکە، بەهێزبوونی دامەزراوەی سیستمە دیموکراتیەکەش ئیدی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بە جەماوەریی بوونی پۆپۆلیزم، هەروەها ئەو تەیارە ئیسلامیە سیاسیانەی کە دەنگدان دەکەنە حەرام و حەلال، یان دروشمی (لااله الا الله) بۆ سواڵی دەنگ بەکاردێنن.

٢. ئاستی فراوانی بەشداری خەڵك، قەوارەی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە وەك خۆی دەخاتەڕوو کە کار لەسەر بێ ئومێدکردنی خەڵك و دوورکەوتنەوە لەپرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن.

٣. ئاستی فراوان و بەرزی بەشداری خەڵك، حزبە سیاسییەکان ناچار دەکات لە بازنەی تەسکی ئایدۆلۆژیای چەپ و ئایینی بێنە دەرەوە و خواست و داوای خەڵك بکەنە بەرنامەی سیاسیان، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕۆشنبیری دیموکراتی لە کۆمەڵگە بچەسپێت و چیتر حزبە سیاسییەکان بە قسەی باق و بریقی ئایدۆلۆژی هاووڵاتیان فریو نەدەن.

### چاوەکان
### بۆ ئاکامی باشی پارتی دەڕوانن

دۆست و دوژمن لەسەر ئەو خاڵە کۆکن کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنە دەنگێکی زۆر باش دەهێنێت و ریزبەندی یەکەم دەگرێت، بەڵام چاوەکان هەموویان چاوەڕێی ئەوەن پارتی دیموکراتی کوردستان ئاست و ڕێژەی دەنگدانی چۆن دەبێت، ئەم چاوەڕوانیە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هەروا لە خۆڕاو لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکو ئاکامی پێکەوە گرێدانەوەی رابردوو و ئێستای پارتیە کە خەڵکی کوردستان دەیانەوێت بۆ ئایندەیەکی ڕۆشن دیسان متمانە بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەنەوە.

**پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٤٦ لەسەر دەستی مستەفا بارزانی، هەمیشە ئامرازێک بووە بۆ ڕەوینەوەی نائومێدی و دروستکردنەوەی ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان**

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٤٦ لەسەر دەستی مستەفا بارزانی، هەمیشە ئامرازێك بووە بۆ ڕەوینەوەی نائومێدی و دروستکردنەوەی ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان و لەو کاتەوەشی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەی دوژمنانی کورد و کوردستان پەنایان بۆ کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و تەنانەت ئەنفالیش بردووە، بەڵام قەت گەلی کوردستان نائومێد نەبووە و لەناوجەرگەی نەهامەتیەکانەوە، ئومێدی بە ئایندەیەکی گەش هەبووە، ئەمجارەش لە دەسپێکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن زۆر لایەنی سیاسی هەوڵیاندا خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی دەنگدان نائومێد بکەن، بەڵام لەگەڵ دەسپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی، جارێکی دیکە ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان و دووبارە جۆش و خرۆش بۆ بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان دەستی پێکردەوە.

## مارک میردیس بۆ گوڵان:

# بەزۆری لایەنی دۆڕاو بانگێشەی ئەوە دەکات لە هەڵبژاردندا ساختەکاری کراوە



**پرۆفیسۆر مارك میردیس ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی پەنسلڤانیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر پرۆسەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان، سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان لە لێدوانی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخاوتن:**

(( توێژینەوەكانی بواری زانستی سیاسەت ئەوە دەردەخەن هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن ڕێگەیەكی گرنگن بۆ ئەوەی خەڵكی زانیاریان لە بارەی سیاسەتەوە دەستكەوێت. دەنگدەران شتێكی زۆر كەم لەبارەی سیاسەتەوە دەزانن، بەڵام هەڵمەتەكان بوار بە پاڵێوراوان و پارتەكان دەدەن پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەراندا دروست بكەن و زانیاری پێویستیان پێبدەن بۆ ئەوەی هۆشیارانە دەنگ بدەن. هەروەها ململانێی سیاسی زۆر گرنگە ئەگەر سیاسیەكان خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بكەن. كاتێك پارتە دەسەڵاتدارەكان پێیان وایە دەنگدەران لە پێناوی خزمەتی باشتر هەڵیان دەبژێرنەوە، ئەوا ئەگەری زیاترە كە خزمەتگوزاری باشتریان بۆ دەستەبەر بكەن. ئیدارەی هەڵبژاردنەكان زۆر قورسترە لەوەی كە خەڵكی بیری لێدەكەنەوە. بە زۆری كاندیدە دۆڕاوەكان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە هەڵبژاردنەكان ساختەكاریان تێداكراوە، تەنانەت ئەگەر هەڵبژاردنەكەش پاك و خاوێن بێت. لەبەر ئەم هۆكارانە، من پێموایە گرنگە چاودێری بێلایەن هەبن كە چاودێری هەڵبژاردنەكان بكەن بۆ ئەوەی دادوەری لەسەر ئەوە بكەن ئایا هەڵبژاردنەكان بە خاوێنی بەڕێوەچوونە یان نا)).

## ریچارد هاسن بۆ گوڵان :

# گەوهەری دیموكراسی بریتییە لە هەڵبژاردنی پاک و قبوڵکردنی ئاکامەکان لەلایەن دۆڕاوەوە



**ریچارد هاسن پرۆفیسۆری راوێژكاری یاسا و زانستی سیاسەتە لە زانكۆی كالیفۆرنیا و تایبەتمەندە لە یاسای هەڵبژاردن و یاسادانان، بۆ قسەكردن لەسەر بایەخ و گرنگی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان، لە لێدوانیكی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی:**

((هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن هاوكاری دەنگدەرانن بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی جیاوازی پارتەكان لەبارەی ئەو پرسانەی كاریگەریان هەیە لەسەریان، هەر لە پرسە ئەمنیەكانەوە بۆ پرسی ئابوری و پەروەردە و باجدان. هەروەها یارمەتیدەری دەنگدەرانە بۆ تێگەیشتن لە خاڵە بەهێز و لاوازەكانی سەركردە سیاسیەكان.. هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن لەبارەی ئەو پرس و كێشانەن كەجێی بایەخپێدانی خەڵكن، و ئەو پرسانەش لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا جیاوازە بە بەراورد بە دیموكراسیە پێگەیشتوەكان وەك ئەمەریكا. پێدەچێت تەركیزی زۆرێك لە هەڵمەتەكان لە دیموكراسیە گەشەكردووەكاندا لەسەر پێداویستیە بنەڕەتیەكان بێت. بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەكان شەرعی بن، پێویستە كاندید و پارتەكان و ئەوانی دیكە پابەندبن بە ڕێساكانەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەیەكی دادگەرانە بەڕێوەبچێت كە تێیدا هەر كەسێك دەزانێت چۆن هەڵمەت دەكات و دەزانێت چی ڕێگەپێدراو و چی ڕێگەپێدراو نییە. گەوهەری دیموكراسی بریتییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێكی پاك و پرۆسەیەكی پاكی لێكجیاكردنەوەی دەنگدان. تەنها ئەو كاتەی كە هەموو كەس قەناعەت بەوە دەهێنن كە ئیدارەیەكی بێخەوشی هەڵبژاردن كراوە ئەوا لایەنی دۆڕاو ئامادە دەبێت ئەنجامەكانی هەڵبژاردن قبوڵ بكات)).



# لایەنە سیاسییەکان.. بە پەلە لافیتەو پۆستەریان هەڵواسی بەڵام بۆ لێکردنەوەی کەمتەرخەمن



لەدوای پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان حزب و لایەنە سیاسییەکان بەڵێنی ئەوەیان داوە کە پۆستەری بانگەشەکان و وێنە ریکلامیەکانی خۆیـان لێبکەنەوە کە بۆ ناسـاندنی کاندید و لایەنە سیاسـییەکان و کۆکردنـەوەی دەنگ لە سـەنتەرو دەوروبەری شارو شوێنە گشتییەکان هەڵیانواسیوە؛ کە بەتێپەڕبوونی کات زۆربەی لافیتەو پۆستەرەکان تێك دەچن و دووچاری دڕان دەبنەوە و دیمەنێکی ناشرین و شـێواو پیشان دەدەن و دەبنە هۆی پیسبوونی شار، هەربۆیە پاککردنەوەی سەنتەری شارو دەوروبەری لەم لافیتەو پۆستەرانەی بانگەشەی هەڵبژاردن نەریتێکی باوی سـەرجەم هەڵبژاردنەکانە بەوەی حزب و قەوارە سیاسیەکانی بەشـداربووی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ئەرکی لێکردنـەوەی ئەو مـاددە ریکلامیانەیان لە ئەستۆیە تاوەکو لەبودجەی گشتی حکومەت پارەیەکی زۆر نەڕوات بۆ پاککردنـەوەی. لەلایەکی ترەوە زۆر لەو پۆستەرو لافیتەو وێنانەی بانگەشەکارانی لایەنە سیاسیەکان لەشـوێنی قەدەغەکراوو بەردەم هێماکانی هاتوچۆو تەنانەت لەبەردەم شوێن و دوکانی تایبەتی کاسبکاران دانراون و بوونەتە هۆی بێزاری خەڵکی و زۆربوونی زبڵ و خاشاکیش. بۆ هەڵگرتنی پۆستەرەکان و لافیتەی بانگەشەکارانی هەڵبژاردنەکان، کۆمسیۆن ماوەی ٣٠ رۆژی داناوە تاوەکو لەو ماوەیەدا سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان ریکلامەکانیان لێبکەنەوەو شوێنە گشـتیەکان خاوێن بکرێنەوە. پابەندبوون بەم داواکارییە تەنیا بۆ مەبەسـتی پاککردنەوەی شـارو گەڕانەوەی سـیما شـێوێندراوەکەی نییـە، بەڵکو ئیلتزامبوونێکی ئەخلاقیشـە هەروەهـا پابەندبوونی حزب و لایەنە سیاسییەکانیشە بەوەی لە رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەرنەچن بەوەی لە شوێنە قەدەغەکراوەکان لافیتەو پۆستەر بڵاونەکەنەوە یا سەمغ و لەزگە بەکار نەهێنن کە دواتر لێکردنەوەی پۆسـتەرو لافیتـەکان زەحمەت دەبێت. لـەم رووەوە ئەندازیـار کاروان جەبـار بەڕێوەبەری شـارەوانی خزمەتگوزاریی و ژینگەپارێزی لە لێدوانێکی تایبەت بەگوڵان پێی وابوو لەسەرجەم شەقام و گۆڕەپانەکان پۆستەرو لافیتەو وێنەی کاندیدەکانی حزبە سیاسیەکان دانراون، تەنانەت لەشوێنە قەدەغەکراوەکانیش ئەمجۆرە پۆستەرانە بوونیان هەیە، زۆربەی جاریش بە لەزگەو سەمغ هەڵواسـراون، ئەمە جگە لەوەی لەو کاتەوەی بانگەشـەی هەڵبژاردن دەسـتی پێکـردووە رۆژانە زبڵ و خاشاك بەشـێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە بەتایبەتی لەشـوێنی کۆبوونـەوە جەماوەرییەکانی حزبەکان و بەڕێوەچوونـی هەڵمەتەکان. بەڕێوەبەری شارەوانی خزمەتگوزاریی و ژینگەپارێزی سەبارەت بە لێکردنەوەی پۆسـتەرەکانیش وتـی: ئێمە وەکو شـارەوانی بەهاوکاری لەگـەڵ کۆمپانیای خاوێن کردنەوەی سنووری شـاری هەولێر بە بەرنامەیەکی رێکوپێك هەڵدەسـتین بەلێکردنـەوەو پاککردنەوەی گشت شـوێنەکان تاوەکو سیمای شـار بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی، هەروەها داوامان لە کۆمسیۆن کردووە بەوەی ئەو لایەنانەی سەرپێچی دەکەن سزای داراییـی بە بڕە پارەیەك بدرێن و غەرامەکەش بدرێتە شـارەوانی بۆ پاککردنەوەی شـوێنە گشتییەکان. ئەندازیار ئەسـعەد عەلی بەڕێوەبەری شـارەوانی ٦ی هەولێریـش داوای لە لایەنە سیاسـییەکان کرد هاوکاریان بن لە گەڕانەوەی سیمای جوانی پایتەختی گەشتیاری، لەم رووەوە لە لێدوانێکی تایبەت بەگوڵان وتی: ئەرکی سەرشـانی حزب و لایەنە سیاسیەکانە بەزووتریـن کات پۆسـتەرو لافیتەکانیان لێبکەنەوەو شـوێنە گشـتیەکان پاك و خاوێن بکەنەوە، چونکە شاری هەولێر بەپۆسـتەرو لافیتەی بانگەشەکاران داپۆشراوەو بەتێپەڕبوونی کات دەدڕێن و بڵاودەبنەوەو دیمەنێکی ناشـرینی لێدەکەوێتـەوە. هەربۆیە ئێمە بەئەرکـی خۆمانـی دەزانین راسـتەوخۆ لەدوای راوەستانی بانگەشەکارانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەسـت بکەین بەپاککردنەوەی شوێنە گشتیەکان و چاوەڕوانی ئەوە ناکەین ٣٠ رۆژ بخایەنێت. بەمشێوەیە لایەنی شارەوانی گومانی هەیە کە بەتەواوەتی حزب و لایەنە سیاسـیەکان پابەندی بەڵێنەکەی خۆیان بن و پۆستەرو لافیتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیان لێبکەنـەوە. هەر سـەبارەت بەلایەنە یاسـاییەکانی سزادانی سـەرپێچیکاران هەمزە حامید بەڕێوەبەری راگەیاندنی پارێزگای هەولێر بەگوڵانی راگەیاند: پێویستە دوای تێپەڕبوونی ٢٤ کاتژمێر حزب و لایەنە سیاسییەکان دروشم و پۆستەرو ماددە ریکلامیەکانی خۆیان لێبکەنەوە، ئەگەربێتوو پابەندی ئەم کارە نەبن شـارەوانی و یەکە ئیدارییەکانی پارێزگا، کۆمسیۆن ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی کە پۆسـتەرو لافیتەکانیان لێناکەنـەوە غەرامەی داراییی بکرێن و غەرامەکەش بدرێتە شـارەوانی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان.

**ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی پۆستەر و لافیتەکانیان لێناکەنەوە غەرامەی دارایی بدرێن و غەرامەکەش بدرێتە شارەوانی بۆ جێبەجێکردنی کارەکان**

**شاری هەولێر بەپۆستەرو لافیتەی بانگەشەکاران داپۆشراوەو بەتێپەڕبوونی کات دەدڕێن و بڵاودەبنەوەو دیمەنێکی ناشرینی لێدەکەوێتەوە**

# مێژوو و ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردستان

## (زیانەکانی سیاسەتی خەشن)

## ٢



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیوێتی

قۆناغی سێیەم، کاری ڕاگەیاندنە لە کۆماری کوردستان(مەهاباد). بە ڕەسمی گۆڤاری هەبوو بۆ سیاسەت و منداڵان و گرینگیشی هەبوو بۆ بوارەکانی دیکەی.

دوای ئەوە لە چلەکان بەولاوە حکوومەتی عێراق دامودەزگای ڕاگەیاندنی بۆ دروست بوو، ڕادیۆی بەغدا دامەزرا. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز وردە وردە گۆڤار و بڵاوکراوەی دەوری لە عێراقی دروست بوون. بەڵام بەشێوەی قۆناغی چوارەمی ڕۆژنامەگەری کاریگەر، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز، لە شۆڕشی ئەیلول دایە.

ئەو قۆناغە فەرقی هەیە لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی پێش خۆی، لە بەکارهێنانی زمان و پێشخستنی ڕاگەیاندن، لە هاتنی ڕادیۆ بۆ ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و سەرەنجام لەگەڵ پەرەسەندنی ڕاگەیاندن لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، دروست بوونی سیستەمی تەواوکاری ئەو ڕاگەیاندنە هاتە ناو کۆمەڵ، ئەویش کادیرەکانی شۆڕشی ئەیلول بوون. لە ڕاستیدا کادیرەکان تەواوکەری ڕاگەیاندن بوون لە زەمانی خۆیاندا. لە دوای بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، دەبێ بە قۆناغی پێنجەمی حیساب بکەین، ئیدی ئێمە داخڵی قۆناغێکی دیکە بووین. بە قانوون لە عێراقدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەو کۆڕی زانیاری بۆ گرینگیدان بە زمان و ئەوەی پێیدەوترێ یاساکانی عێراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بە ڕەسمی کورد بوو بە جۆرێك لە خاوەنی ڕاگەیاندن کە ڕاستە لە دەستی حکوومەتی عێراقدا بوو، بەڵام لە کردەوەدا لە چوارچێوەی هەندێک قانووندا بەڕێوەدەبران کە تایبەت بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو. ئەمە لە ڕووی پێشخستنی ڕاگەیاندندا بایەخی خۆی هەبوو، لەوێ بەولاوە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە عێراق بە زمانی کوردی بە دوورودرێژی و مەدایەکی زۆر بە پارچەکانی دیکەیش دەگەیشت. گۆڤاری هەفتانەو کتێب لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە بوونە دیاردەی نوێ و نوخبەی ڕۆشنبیر لە کوردستان لە پەراوێزی ڕاگەیاندندا دروست بوو. ڕۆشنبیر سەرباری ئەوەی لە مێژووی بەشەریەتدا بە تەعریفی جیا جیا دیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە، بەڵام ڕۆشنبیر وەکو دیاردەیەکی ئەم زەمانە، لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنیکی چاپ و گەیاندن زۆر بوون و بە شارەزایی جیا جیا و دەوری لەناو کۆمەڵگا چ لە سیاسەت بێت چ لە پەروەردە و لە بوارەکانی دیکە رووی لە زۆری کرد. زۆربوونی ئەدیب و ڕۆشنبیری ئەدەبی و داهێنەری هونەری لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە سەرنجڕادەکێشێ. ئیمتیدادی قۆناغی پێنجەمی ساڵی حەفتا، دوای ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەی شۆڕشگێڕی کە لە شاخ دەرچوون، ئەوانەشی کە لە دەرەوە دەرچوون روونە، هەر ئەوانەن کە ئێستا بەردەوامن

saro.qadir@gmail.com
www.seroqadir.com

جگە لەچەند نەشـــرەیەكی دەوری كە هەندێك حزب یان كۆمەڵـــەی خوێندكارانی كورد لـــە ئەوروپا دەریدەكردن. لەو مـــاوە دووردرێژەدا مەركەزێكی بـــە هێزی میدیا یان كاروباری رۆشـــنبیریمان لە دەرەوەی وڵات نەبووە، تا ئێستاش مەركەزێكی ئەوتۆ نییە.

دوای ســـاڵی ١٩٩١ راگەیاندن لە كوردستاندا داخیلی قۆناغـــی نوێ بوو، ئەویش بە دامەزراندنی تەلەفزیۆن و رادیۆی زیاتر لە ١٢ ســـەعاتی و رۆژنامەی رۆژانە و چاپكردنی كتێب بوو.

دیاردەیەك لەم وڵاتە هەیە و سەرنجی هەمووانی راكێشا كـــە بۆچی راگەیانـــدن ئەوەندە حزبییـــە؟ حزبی بوونی راگەیانـــدن دوای ســـاڵی ١٩٩١ لـــە قۆناغێكی نوێی ســـەربەخۆییدا دەركەوت. پێش ئـــەوە ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ـكە پێكدەهات لە حزبەكانـ راگەیاندنی وەكو كەرەستەی شۆڕشگێڕی بەكارنەهێنابایە، ئەوە ئێمە هیچ راگەیاندنێكمان نەدەبوو. كەواتە ئەمە سرووشـــتی پێشكەوتنی كۆمەڵگای ئێمەیە كە لە رێگەی بزووتنەوەی رزگاریخـــوازی نیشـــتمانییەوە دیـــاردەی راگەیاندن لە كۆمەڵگا دەســـتی بە كاریگەری خۆی كردووە. ئەگەر واقیعبین بییـــن دیاردەیەكی ئاوا كاریگـــەر تەنیا لەناو بزووتنەوەی سیاســـیدا، لەناو بزووتنەوەی سیاســـیش لە قۆناغی شۆڕشـــگێڕیدا دروســـت بووبێ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیش ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆی هەیە و حزبی جیاجیای تێدا بەشـــدارن، ئـــەم راگەیاندنە بە دڵنیاییەوە فرچكـــی بەكاری حزبـــی و ئایدیۆلۆژییـــەوە گرتووە. تاكو ئێستاش ســـەرمایەی تەرخانكراو بۆ دروستكردنی دامودەزگای راگەیاندن هەر لەلای بزووتنەوەی سیاسی و حزبەكانییەوەیـــە. ئـــەوەی من دەیڵێم باشـــترین هەوڵە بۆ تێگەیشـــتن لەو پرســـیارەی دەڵێ: بۆچی راگەیاندن بـــەم رادەیە حزبییە؟ كەواتـــە دەربازكردنی راگەیاندن لە دەســـتی سیاسەت بە مانای خەشـــنی ئەمڕۆ، كارێكی زەحمەتە ئەگەرچی پێویستیشـــە. وەكو ئەو زەحمەتە وایە كە دەمانەوێ كۆمەڵگایەكی یەكســـانمان لە ژن و پیاو هەبێت كە جیاوازی جەندەری تێدا نەبێت. ئەوە بە قســـە ئاسانە، بەڵام بە كردەوە كارێكی زۆر زەحمەتە. چونكە رەگوڕیشەی لە مێژووی كەلتووری ئێمەدا هەیە، گۆڕینی باوەڕەكانی مێژوویی كارێك نییە بە بڕیار بكرێ، تەنیا بە لێتێگەیشـــتن و پەروەردەكردن و قانونی نوێ كە گونجاو بن لەگەڵ ئاســـتی ئێستای فەرهەنگی كۆمەڵگاكەمان دەكـــرێ. ژمارەیەكـــی زۆر قانوونی پێشـــكەوتوومان هەیـــە نە حكوومەت دەزانێ چـــی دەركردووە، نە قازی دەزانـــێ قانوونی وا هەیە، نە میللەت لەبیریەتی، ئەوەش نیشانەی ئەو راســـتییەیە كە لە ئەنجامی تێگەیشتنی كۆمەڵگا نەهاتوون بۆیە كەس بۆیان ناگەڕێتەوە. قانوون لە رابردووی كولتووری كورد و رۆژهەڵاتی ئیســـلامیدا پێشـــینەی نییە و بیدعەیە، جا كە ئێستا دەیانەوێ ببێت بە رێكخەری ژیان، كارێكی ئاسان نییە.

دەگەڕێمەوە بۆ راگەیاندن ئەو راستییەیە كە جیل لە دوای جیل كادیری راگەیاندن پێگەیەندراوە نەك رۆژنامەنووس. بزووتنەوەی سیاســـی كاری ئەوە نییە رۆژنامەنووس بە پێوەری ئەم زەمانە و پێویستیەكانی دروست بكات. لەناو بزووتنەوەی سیاســـیدا بیر لـــەوە ناكرێتەوە كە راگەیاندن لەنێو كۆمەڵگادا سیســـتەم بێت، بەڵكـــو بیر دەكرێتەوە راگەیانـــدن دەبێ چەك بێت، ئەو چەكەی ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوەكە بـــە میللەت دەگەیەنێ، ئەو چەكەی دەبێتە مایەی پێوەندی نێوان تێكۆشەران و میللەت. كاریگەری راگەیاندنی شۆڕشـــگێڕی لەسەر ئێمە و دوو جیل پێش ئێمەش یەكجـــار زۆرە. هیچ كەســـێك گوێی لە رادیۆ نەبووە و رۆژنامـــەی نەخوێندۆتەوە بۆی باس بكات كە راگەیاندن ئەركی چییە، ئەسڵەن ئەم باسە هەر لە گۆڕێ نەبووە. باســـی دیكە هەبوون كە لە رێی رۆژنامەو رادیۆ گەیشـــتۆتە خەڵك میللەتێك كە سەربەخۆیی نەبێت هەر ئەمـــە حاڵی دەبێت. لە دنیادا میللەت نییە لە راگەیاندن پێشكەوتبێت ئەگەر دەوڵەتی نەبووبێت، لە دنیادا میللەت نییە مێـــژووی هەبێت ئەگـــەر دەوڵەتـــی نەبێت. ئەوە دەزگامەنـــدی دەوڵەتییەی كە هەمـــوو بوارەكانی وڵات رێكدەخات.

ئێســـتا ئەم هەرێمەی هەمانە لە ناوچەكەدا دەوڵەتێكی ئەمـــری واقیعە، ئەگەر بە پوختتر بەرێوەچووبا ئێســـتا دەزگاكانی راگەیاندن و بوارەكانی دیكەیشـــمان دەبوون، ئەوەی كـــە پێیدەوترێ هەر دەزگایە لە شـــوێنی خۆی كاردەكات و كۆمەڵگایەكی موتەكامل و مونســـەجیممان دەبوو، هەر دەزگایە دەوری خۆی لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا دەبینێ و راگەیاندنیش هەروا. ئەو قسەیەم بەو مانایە نییە كە بڵێم نابێ بیر لە چاككردنی راگەیاندن و گۆڕانكاری بكرێتەوە.

بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆن لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی بە نەشـــارەزایی هاتین وتمـــان: ئەرێ چـــۆن دەتوانین تەلەفزیۆنمـــان هەبـــێ؟ دەبێ هەمانبـــێ. تەحەدایەكی گـــەورە بوو كردمان، تەكنیك نەبـــوو، بەڵام عیلم هەبوو، كۆمەڵێـــك موهەندیس هاتن تەلەفزیۆنی كوردســـتان و گەلی كوردســـتان و گـــوڵان و ئەوانی تریان درووســـت كردن. كۆمەڵێك موهەندیسی فیداكار بە لەحیم و وایەری بازاری شیخەڵڵا ترانسمیتەریان درووست دەكرد. ئەمە هەر تەحەددا نەبوو، هەنگاوێكی مەزنی داهێنان بوو، كارێكی زۆر گـــەورەی كۆمەڵگای ئێمەبوو بۆ خۆ ســـەلماندن و هەبوون.

كاتێك دەزگای گوڵان لە شـــیراتۆن دەســـتی بەكار كرد،

**دەكرێ راگەیاندن لە كوردستاندا ببێتە دەزگایی و كاریگەری راستەوخۆی حزبی لەسەر كەمببێتەوە، بەڵام ناكرێ وەكو پێشدان هەڵگری پەیامی نیشتمانی و سەربەخۆیی نەبێت**

**لە دنیادا میللەت نییە لە راگەیاندن پێشكەوتبێت ئەگەر دەوڵەتی نەبووبێت، لە دنیادا میللەت نییە مێژووی هەبێت ئەگەر دەوڵەتی نەبێت. ئەوە دەزگامەندی دەوڵەتییەی كە هەموو بوارەكانی وڵات رێكدەخات**

**دەربازكردنی راگەیاندن لە دەستی سیاسەت بە مانای خەشنی ئەمڕۆ، كارێكی زەحمەتە ئەگەرچی پێویستیشە. وەكو ئەو زەحمەتە وایە كە دەمانەوێ كۆمەڵگایەكی یەكسانمان لە ژن و پیاو هەبێت كە جیاوازی جەندەری تێدا نەبێت**

**كۆمەڵێك موهەندیس هاتن تەلەفزیۆنی كوردستان و گەلی كوردستان و گوڵان و ئەوانی تریان دروست كردن. كۆمەڵێكی موهەندیسی فیداكار بە لەحیم و وایەری بازاری شێخەڵڵا ترانسمیتەریان درووست دەكرد. ئەمە هەر تەحەددا نەبوو، هەنگاوێكی مەزنی داهێنان بوو**

دوای مانگێك تەلەفزیۆنەكە زۆرجار نەدەگەیشتە هەندێك گەڕەكی هەولێر، موهەندیسەكەمان بانگ دەكرد (رەشاد و ئەو نەوزاد هادی پارێزگاری ئێستا) كە وەرن چاكی بكەن. رۆژێك یەكێكیان پێیوتم وەرە تەماشا بكە، كاكە هەر ئەوە دەبێت كە هەیە. منیش سەركەوتم و لە نهۆمی سەری سەرەوە بوو، لەوێ ژوورێكی بچووك هەبوو، شتێكی هەندەی قوتوویەكی كلینیكس لەسەر مێزێكی خەراپ دانرابوو و ئێركۆندیشنێكی گەورەیان بەرانبەر بەستبوو، بۆ ئەوەی ساردی بكاتەوە. هەمووی وایەر و لەحیم بوو. پرسیم: جیهازی تەلەفزیۆن كامەیە؟ وتیان ئەمەیە. ئەوكات هەستم بە نەقسێكی زۆر كرد. جارێكی دیكە نەچوومەوە سەری تا لە توركیاوە دوو ترانسمیتەری گەورەمان بۆ هاتن، هەریەكی بەقەدەر سەلاجەیەك دەبوون. من یەكەباری خۆم رۆژی چەند جار دەچووم تەماشام دەكردن و بست بست پێی بەرز دەبوومەوە كە لەوێڕا هاتینە ئێرە.

مەبەستم لەو قسانە مێژووی دروست بوونی تەلەفزیۆن و رادیۆ ئاوها دەستی پێكرد. رادیۆی یەكەم ساڵی ١٩٦٣ لە ناو شۆڕش كەوتەكار. دەنگی كوردستان سەرگەیەكی نوێیە لە پێشكەوتنی راگەیاندنی كوردستان. رەشادو نەوزادەكانی نەوەدەكان پەرەپێدەری تەكنیكارو رۆشنبیر و تێكۆشەر وەک عەبدولخالق مەعروفن. ئەو رادیۆیە جگە لە كاریگەری شۆڕشگێڕانەی كە لەسەر ئێمەیان هەبوو، دەبێ لەبیرمان بێت رۆشنبیرە گەورەكانی ئەوكاتی میللەتی ئێمەی لێ كۆببوونەوە، كەسانی وەك كامەران قەرەداغی، شێركۆ بێكەس، كەمال مەزهەر و عیزەدین مستەفا رەسوول و. كێ ناوی دێنی كە شانازی بەوە نەكات رۆژگارێك لەو ئێزگەیە كاری كردووە. ئەمە دەوری راگەیاندنی شۆڕشگێڕی لە پێگەیاندنی رۆشنبیرانی كوردستان دەردەخات.

لەم قۆناغە نوێدا، راگەیاندن لە ئەركی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی ناتوانێ بەتاڵ بێت. دەكرێ راگەیاندن لە كوردستاندا ببێتە دەزگایی و كاریگەری راستەوخۆی حزبی لەسەر كەمبێتەوە، بەڵام ناكرێ وەكو پێشدان هەڵگری پەیامی نیشتمانی و سەربەخۆیی نەبێت، بۆیە ئێستا زیاتر لە جاران كۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە راگەیاندنێكی بەم تەكنۆلۆژیای عالەمییە هەیە تا لەگەڵ ناساندنی واقیع و پێكهاتەو كولتوورو زمان و كەلەپووری ئێمە، وەك یەكێك لەو میللەتانەی كە تا ئێستا لە دنیادا نەیتوانیوە و رێگەی پێنەدراوە خۆی بناسێنێ. تێكۆشان و خواستی میللەتی ئێمە بۆ هاوكاری و تێكەڵبوون لەگەڵ دنیا، بۆ سەربەخۆیی هەردەبێ راگەیاندنێكی موەجەه بیكات. راگەیاندنی موەجەه تا ئەوكاتە پێویستە كە كێشەی سەربەخۆیی نیشتمانی نامێنێ.

راگەیاندن وەك حزبی دەوری كۆتایی هاتووە. حزب كادیر بۆ راگەیاندن دەنێرێ، كادیری خوێندەوار لە راگەیاندن دەوری رۆژنامەنووس دەبینێ بەڵام نابێتە رۆژنامەنووس. بۆیە ژمارەی ئەو سەرنووسەرانەی كە نووسەر نین، لە مێژووی رۆژنامەنووسیماندا زۆرن، ژمارەی ئەو خاوەن ئیمتیازانەی كە ناویان هەیەو نازانن خاوەن ئیمتیازن زۆرن، ژمارەی ئەو خاوەن ئیمتیازانەی كە شەهید بوونە یان مردوونە، بەڵام ناویان لەسەر رۆژنامەكانە زۆرە، ژمارەی ئەو نووسەرانەی كە دەنووسن و ململانێ دەكەن و ناویان دیار نییەو كەس نازانێ كێنە یەكجار زۆرن. ئەو شێوازە لە بەكارهێنانی راگەیاندن بەشێوەی حزبی و بەم فراوانی و هێزی تەكنۆلۆژیایە، سیاسەت بە شێوەیەكی زۆر خەشن و ناكۆك، رۆژانە داخلی ژیانی كۆمەڵ دەكات. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەورەی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لە پێگەیاندندا هەیانە، ئینجا هەڵوێستی حزبی تەنیا بۆ حزبیەكان و سیاسییەكانە، جا كاتێك حزب راستەوخۆ سیاسەتی راگەیاندن دادەنێ، ئەو دیقەتەی پێراناگیرێ كە لە هێرشێكی راگەیاندندا بۆ بابەتێكی دیاریكراو، دەبێ ئەم هێرشە چەند بەردەوام بێت!! ئایا ئەمە كار لە مەزاجی گشتی دەكات، چەند كار لە پەروەردە دەكات، چەند ناكۆكی كۆمەڵایەتی زیاد دەكات، چەند كینەی ئەو جیلەی نێوان حزبەكان زیاد دەكات؟! كێشەكە ئا لەوێدایە. ستافی راگەیاندن لە كوردستاندا ستافێكی كارگێڕییە،نامەوێ بڵێم نابێ كارگێڕی لە راگەیاندندا هەبێت. بەڕێوەبەرانی راگەیاندن لە دنیادا ستافی رۆژنامەنووس و نووسەران و خاوەن نەزەرانن، ستافێكی بچووكی كارگێڕی لە خوارەوە بۆیان بەڕێوە دەبات. تا ئێستاش رۆژنامەنووس و نووسەر و خاوەن نەزەر لە راگەیاندنی ئێمەدا غایبە. بەردەوامی ئەم حاڵەتە زیادەیە و كۆمەڵگاكەش ئازار دەدات و زیان بە خودی حزبەكانیش دەگەیەنێ. پێویستە دەزگاكانی راگەیاندن ببنە سیستەم بەو مانایە، یەك: بە قانوون تەنزیم بكرێن. دووەم: حكوومەت بە قانوون پاڵ بە راگەیاندن بنێ بۆ ناو ئەو دەورەی كەوا سیستەمی راگەیاندن لەناو پێكهاتەی كۆمەڵگا دەبێ هەیبێ. تا پاڵی پێوەنەنێی و جێگیر نەبێت، راگەیاندنێكمان نابێت كە تەواوكاری پێشكەوتنی وڵاتەكەمان بێت.

هیچ قانونێك راگەیاندن لە كوردستان كۆنترۆڵ ناكات، هیچ مەركەزێكی نیشتمانی نییە بەبێ لایەنی لە دەوری دەزگاكانی راگەیاندن بكۆڵێتەوە. لە هەموو دنیادا ئەو مەركەزە هەیە، هیچ ناوەندێكی لێكۆڵینەوەی حكومەتی نییە بزانێ راگەیاندن لە بوارەكانی دیكەی ژیانی حكوومەت و خەڵك چ كاریگەری و كام دەورێكی هەیە.

# گەنج و سیاسەت لە کوردستاندا

٤



دکتۆر عادل باخەوان*
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

بەپێچەوانەی ئەو وێنــە تەڵخانەی کە لە خەیاڵدانی کۆلێکتیڤی گەنجانی کوردســتاندا بۆ سیاســەت و سیاسیەکان دروســت بووە، بەپێچەوانەی ئەو گوتارە ڕەشــبینەی کە گەنجان لەســەر سیاسەت و سیاسی بەرهەمــی دەهێنــن، بەپێچەوانــەی ئــەو چیرۆکە خەمگینانەی کە گەنجان لەسەر سیاسەت و سیاسی لە کوردســتاندا دەیگێڕنەوە، نوخبەی سیاســی ئەم وڵاتە، بە درێژایی ســەدەی بیســتەم، ســەرگەرمی دروست کردنی وێنەی جوان و بەرهەمهێنانی گوتاری گەشبین و گێڕانەوەی چیرۆکی پاڵەوانانەی گەنجانی کوردستان بوون. بە رادەیەك کە کەسی سۆسیۆلۆگ بەئاسانی دەتوانێت تێبینی ئەو مەودا کوشندەیە بکات کە لەنێوان گەنجان و سیاســەت و گەنج و سیاسیدا دروست بووە؛ مەودایەکی لێوان لێو لە لێکدژی لەسەر هەموو ئاستەکان.

چیرۆکی خســتنە سەر شانۆی گەنجی کوردستانی لەلایەن نوخبەی سیاســییەوە لەشــێوەی ئەفسانەدا، مێژوویەکــی درێژی هەیە. لە چرکەســاتی شــێخ مەحمــودی حەفیــد دا، چرکە ســاتی پاشــای کوردستان، چرکەساتی یەکەم حکومەتی کوردستان لە ســلێمانی و لەکاتێکدا کە لەڕێگای شــیعرەوە گوتارێکی فراوانی سیاســی لەســەر«نەوجەوانی کورد» بەرهەم دەهات و شوناسی «شــێری مەیدانی جەنگ»ی پێدەبەخشــرا، ئەم گوتارە ئەفســوناوییە لەســەر گەنــج، لەیەکەم ئەزموونی دروســتکردنی ئیداری کوریدا، دیوە شــاراوەکەی خۆی دەردەخات کە بریتیە لە دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی گەنجان لە مەڵبەندەکانی بڕیاری سیاسی و وێناکردنیان تەنیا وەك خۆراکــی جەنگە نەبڕاوەکان. لە ١ی ئۆکتۆبەر ١٩١٨ دا و بەئامادەبوونی ویلسن، نوێنەری حاکمی عێراق، پۆل بلیمەری یەکەم، شێخ مەحمودی حەفید، یەکەم کابینەی ئیدارە ســەربەخۆکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دادەمەزرێنێت:

- سەید عومەری مامی شێخ مەحمود، موتەسەڕیفی سلێمانی
- حاجی سەید حەسەنی مامی شێخ مەحمود، حاکم.
- شێخ قادری برای شێخ مەحمود، سەرداری لەشکر.
- ســەید عەلی بســم الله، هەر لە خانەوادەی شێخ، قۆمیسەر.

«بەمجۆرە بەشــی زۆربــەی خزم و کەســوکاری حوکمدارو دەســتەو دائیرەی شــێخان هــەر یەکە بە جۆرێــک و بە پێی حاڵ، کارێک یان واجبێکیان بۆ ڕێکخراو دامەزران.[1]»

هەموو ئەو گوتارەی کە لەسەر«نەوجەوانی کورد»

**بەبێ دروستکردنی سیاسەتێکی تەندروستانە سەبارەت بە کاتیگۆری گەنجبون و گەنجان»، کۆمەڵگەی کوردستانی بەدەستی خۆی هەلومەرجی نارەزایی، بێمتمانەیی و پاشان تەقینەوە گەورە کۆمەڵگەییەکان دروستدەکات**

**ئێمە ناتوانین موچەی مانگانەی گەنجانی دەوامکار بەرزبکەینەوە و لەگەڕەکە داڕزاوەکان ڕزگاریان بکەین، بەبێ ئەوەی سەرەتا وەک ئەکتەری کۆمەڵایەتی سەربەخۆ و خاوەن ماف تەماشایان نەکەین**

**ئەکسیڵ هۆنێت بە چەمکی دانپیادانانی دەزگایی پێی وایە ساتەوەختێک کە کردەی بەدەزگایی کردنی بنەمای دانپیادانان جێگیردەبێت، ئیدی دەتوانێت چوارچێوەکانی دانپیادانانی «تەقابولی/ ڕێسپرۆک» دروست بکات، بەشێوەیەک کە چەند گەنجان پێگەی ئەکتەرە سیاسیەکان دەسەلمێنن، هێندەش ئەکتەرە سیاسیەکان دان بە پێگەی گەنجاندا دەنێن**

بەرهەم هاتبوو، نەیتوانی گەنجێکی وەك ڕەفیق حیلمی، بگەیەنێت بە یەکێك لە پۆستە بەرزەکان. لەو قۆناغە مێژووییەدا کە بەدەگمەن خوێنەوارمان دەستدەکەوت، ئەو نەك هەر خوێنەواربوو، نەك هەر کوردی، عەرەبی، فارسی و تورکی وەك یەك دەزانی، بەڵکو زمانی فەرەنسیشی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەزانی، بەرادەیەك کە فەرەنسی کردبوو بە زمانی پێوەندی نێوان ئینگلیزەکان و نوخبەی سیاسی کوردی لە سلێمانیدا. تاکە پۆستێك کە شێخ بۆ ئەم گەنجە منەوەرو لێهاتوەی دانابوو، پۆستی وەرگێڕ بوو! لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە پیرە شێخ و پیرە حاجی و پیرە سەید و سەرۆك عەشرەتەکان لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود دا پۆستی گەورەیان وەرگرت و نەوەی نوێش«نەوجەوانانی خوێنەوار و لێهاتوو» فڕێدرانە نێو پەراوێزەکانەوە و بەهیچ شێوەیەك متمانەیان پێنەدەکرا.

حەفتا ساڵ دواتر، کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردودا دادەمەزرێت، هەمان سیاسەتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود سەبارەت بە گەنجان پیادەدەکات. واتە لەلایەك گەنجان وەك«پڵنگ»، «پاڵەوان»، «داینەمۆی خەبات» دەخاتە سەر شانۆ و لەلایەکی دیکەشەوە لە کۆی سەنتەرەکانی بڕیاری سیاسی دووردەخاتەوە. مەکتەب سیاسیەکان، ئەنجومەنی وەزیران، سەرکردایەتی حزبەکان، بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان، کەسایەتی پیریان لێدەڕژێت. لە خەیاڵدانی کۆلێکتڤی سیاسیەکاندا، ڕاستە گەنج پڵنگە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەڵەشەیە، ڕاستە گەنج سەرچاوەی نوێبوونەوەیە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە هەناسەی کورتە، ڕاستە گەنج یەکەم قەڵغانی پاراستنی نیشتمانە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە گەر کۆنترۆڵ نەکرێت دەبێت بە هەڕەشە بەسەر خودی نیشتمانەوە. واتە لەم خەیاڵدانەدا، هەمیشە لەپەنای وێنەیەکی درەوشاوەدا، وێنەیەکی تاریکی گەنجان ئامادەیە، هەمیشە لەپەنای متمانە بە گەنجاندا، سێبەری بێ متمانەییەکی چڕ ئامادەیە.

من پێموایە بەبێ چوونە دەرەوە لەم سیاسەتە سەبارەت بە گەنجان (پیاهەڵدان لەلایەك و دوورخستنەوە لەلایەکی دیکەوە)، کە لە حکومەتەکەی شێخ مەحمودەوە دەستییپێکردووەو تا ئێستاش بەردەوامە، بەبێ دروستکردنی سیاسەتێکی تەندروستانە سەبارەت بە کاتیگۆری گەنجبون و گەنجان»، کۆمەڵگەی کوردستانی بەدەستی خۆی هەلومەرجی نارەزایی، بێمتمانەیی و پاشان تەقینەوە گەورە کۆمەڵگەییەکان دروستدەکات. لەپێناوی دروستکردنی ئەم سیاسەتەدا چوار ئەکتەری سەرەکی دەبێت بەشداری بکەن و لە سڕینەوەی هەر یەکێکیاندا، لەدایکبونی سیاسەتێکی لەم جۆرە شکست دەهێنێت.



ئەکتەری یەکەم بریتیە لە خودی گەنج. ئێمە لە سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا ڕووناکیمان خستە سەر ئەو ڕووبەرە کۆمەڵایەتیە جیاوازانەی کە سەرچاوەی بیناکردنی گرووپە لێکدژەکانی گەنجانن و بەوردی باسمان لەوەکرد کە چەند بەرژەوەندی و ستراتیژی و مێکانیسمی کۆمەڵایەتی جیاوازمان هەبێت [مارکس ئەڵێت: چەند چینی کۆمەڵایەتی جیاوازمان هەبێت] هێندەش گرووپی کۆمەڵایەتی لێکدژی گەنجانمان دەبێت. لێرەوە، بیناکردنی سیاسەتێك لەسەر گەنجان لەنێو ژوورە داخراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمانی کوردستاندا، بەبێ گەڕانەوەی بەردەوام بۆ خودی گەنجان و پرس پێکردنیان، بەبێ بەشداری پێکردنی زیندوویان، هەر لەسەرەتاوە شکست دەهێنێت. کە گەنج خۆی بابەتی ئەم سیاسەتەبێت، دەبێت یەکەم کەسیش بێت کە وەك ئەکتەری بیناکار فەرمووی لێ بکرێت. بەڵام فەرمووکردن لە گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت و پەراوێزخستنی گرووپە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەی گەنجانیش یەکسان دەبێت بە پرۆسێسی بەتاڵ کردنەوەی ئەم سیاسەتە لە هەمو ماناکانی. واتە سیاسەتی تەندروست سەبارەت بە گەنجان دەبێت بەیەك چاوو لەیەك ئاستدا تەماشی هەموویان بکات و لەسەرهەمان لۆژیکی سەری سەرەوەی کۆمەڵگە و خواری خوارەوەی کۆمەڵگە خۆی بینا نەکات.



گوێگرتن لە گەنج مانای چییە؟ کردەی گوێگرتن لە مانا زمانەوانیە سادەکەیدا دەکرێت وەك جۆرێك لە خەڵەتاندن، لە فریودان، لە ڕاییکردن، لە کپ کردنەوە وێنابکرێت:گوێت لێدەگرم بۆئەوەی هەڵچونەکەت دابمرکێتەوە. گوێت لێدەگرم بۆئەوەی وەك ئەسفەنج تورەبوونەکەت هەڵمژم. یاخود گوێت لێدەگرم بۆئەوەی لێت تێبگەم و باشتر کۆنترۆڵت بکەم. دەکرێت هەموو ئەم مانا سەلبیانە لە کردەی گوێگرتندا بدۆزینەوە. بەڵام ئەو گوێگرتنەی کە ئێمە لێرەدا باسی دەکەین بریتیە لە شتێکی دیکە، کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان ناویان ناوە«سیاسەتی دانپیادانان». هەرچەند «دانپیادانان[2]» وەك وشە بەدرێژایی مێژوو جێگای خۆی لەنێو زمانی هاوبەشی کۆمەڵگەدا گرتووە، بەڵام مێژووی تیۆرێزەکردنی لە هیگڵی یەکەمەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ شارل تایلۆر[3] و ئەکسێل هۆنێت[4] دا دەگاتە چڵەپۆپە. تایلۆر پێی وایە کە بەبێ جێبەجێکردنی سیاسەتی دانپیادانان، پەڕینەوە بۆ ڕووبەری فرەکولتوری شتێکە وەك موستەحیل[5]. هۆنێت لەڕێگای ئەم کۆنسێپتەوە هەوڵدەدات کە تونێلێك بۆ ئەو ململانێ کۆمەڵایەتیانە بدۆزێتەوە کە بە مێژووی بەشەریەتدا درێژبوونەتەوەو پێی وایە کە سیاسەتی دانپیادانان دەتوانێت گەمارۆی مێکانیسمی بەرژەوەندی بدات[6].

چۆن پرۆسێسی بەکۆمەڵایەتی کردنی گەنجان لەنێو کێڵگەی سیاسیدا دەتوانێت گریمانەیەکی سەرکەتووبێت؟ چۆن گەنجان بەرزدەبنەوە بۆ ئاستێك کە بتوانن فاکتی سیاسی لە هەموو ڕووبەرەکاندا دەستەمۆبکەن؟ ئەکسێل هۆنێت بە چەمکی دانپیادانانی دەزگایی وەڵام دەداتەوە. واتە ساتەوەختێك کە کردەی بەدەزگایی کردنی بنەمای دانپیادانان جێگیردەبێت، ئیدی دەتوانێت چوارچێوەکانی دانپیادانانی «تەقابولی ڕێسپرۆك» دروست بکات، بەشێوەیەك کە چەند گەنجان پێگەی ئەکتەرە سیاسیەکان دەسەلمێنن، هێندەش ئەکتەرە سیاسیەکان دان بە پێگەی گەنجاندا دەنێن.
ئایا دانپیادانان یەکسانە بە پەراوێزخستنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی؟ نەخێر. ئەم دوو چەمکە نەك هەرنابێت وەك دوو بەرامبەری لێکدژ تەماشابکرێن، بەڵکو دەبێت ڕەگوڕیشەکانیان تێکەڵ بەیەکتری بکرێن و یەکتری تەواوبکەن. واتە لەنێو دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا مێکانسیمی دانان بە گەنجاندا خۆی دەدۆزێتەوە، هەروەها بەبێ داننان بە گەنجاندا دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدی نایەت. ئێمە ناتوانین موچەی مانگانەی گەنجانی دەوامکار بەرزبکەینەوە و لەگەڕەکە داڕزاوەکان ڕزگاریان بکەین، بەبێ ئەوەی سەرەتا وەك ئەکتەری کۆمەڵایەتی سەربەخۆ و خاوەن ماف تەماشایان نەکەین. لێرەوە پرۆژەی دروستکردنی سیاسەتێکی تایبەت بەگەنجان بەم شێوەیە دەست پێدەکات:ڕاوێژکردن بە گەنجان بۆ ئامادەکردنی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی کە ڕێگایان پێدەدات شوناسە فەردیەکانی خۆیان بینابکەن؛ شوناسێك کە فێری ئەوەیان دەکات کە هیچ دەسەڵاتێك،هیچ ستراکتۆرێك مافی خاوەندارێتی بەسەر ژیانی فەردی ئەوانەوە نەبێت و بەتەنیا خۆیان خاوەنی خۆیان بن.

**چەند بەرژەوەندی و ستراتیژی و مێکانیسمی کۆمەڵایەتی جیاوازمان هەبێت [مارکس ئەڵێت چەند چینی کۆمەڵایەتی جیاوازمان هەبێت] هێندەش گرووپی کۆمەڵایەتی لێکدژی گەنجانمان دەبێت**

---

١. ڕەفیق حیلمی، یاداشت، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٣، لاپەڕە ٥١.
٢. بە عەرەبی: ئیعتراف. بە فەرەنسی: ڕۆکۆنێسانس.
٣. فەیلەسوفێکی مەزنی کەنەدیە. ساڵی ١٩٣١ لەدایکبوە و کتێبخانەیەکی گەورەی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردوە.
٤. فەیلەسوف و سۆسیۆلۆگێکی ناوداری ئەڵمانیە. ساڵی ١٩٤٩ لەدایکبوە و لە ٢٠٠١ وە ئەنستوتی توێژینەوە کۆمەڵایەتی کە قوتابخانەی فرانکفۆرتی لە خۆگرتوە، بەڕێوەدەبات.
5. Charl Taylor, Multiculturalisme. Différence et démocratie, Paris, Aubier, 1994.
6. Axcel Honneth, La lutte pour la reconnaissance, Paris, Le Cerf, 2002

**٭ سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**






# مەترسییەکانی ئەقڵیەتی تاکڕەویی لە قۆناخی بونیادنانی نەتەوە

## کوردستانی ڕۆژئاوا پێویستی بەیەکڕیزیی و پێکەوە کارکردن هەیە

ئەو بارودۆخەی ئێستا بۆ کوردستانی رۆژئاوا هاتۆتە ئاراوە بەرپرسیاریەتییەکی مێژوویی خستۆتە سەرشانی هەموو گەلی کورستان بەگشتی و حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژئاوا بەتایبەتی، بۆ ئەوەی سوود لەم هەلە مێژووییە وەربگیرێت و کۆتایی بەو رەوشە نالەبارەی کوردی رۆژئاوا بێت کە ماوەی دەیان ساڵە نەك هەر نکۆڵی لە مافەکانیان دەکرێت، بەڵکو نکۆڵی لەمافی هاووڵاتیبوونیان دەکرێت وەك هاووڵاتییەکی کۆماری سوریا، مافی بەخشینی رەگەزنامەی سورییان پێ رەوا نابینرێت، لەمەش زیاتر کە جێگەی نیگەرانییە، هەتا ئێستا ئۆپۆزسیۆنی سوریا راشکاوانە دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نەناوە و ئامادە نییە ئەو مافانە بسەلمێنێت، بۆیە ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، ئەوە ئیرادەی کورد یەکڕیزی و یەکگرتوو بێت بۆ ئەوەی ئەو توانایەی بۆ دروست رووبەڕووی ئەو تەحەدی گەلە ببێتەوە کە لەم قۆناخە هەستیارە رووبەڕووی دەبێتەوە، بۆ سوود وەگرتن لەم هەلە مێژووییە هەر زوو بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵیدا لایەنە سیاسیەکان رۆژئاوا لە ژێرچەتری ئەنجوومەنێکی نیشتمانی کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی لانی کەم بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە هەموو لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئەو هێڵە گشتیانە کۆك بن کە بۆ ئەم قۆناخە دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ دابینکردنی مافەکانی کورد لە کوردستانی سوریا، بۆ ئەمەش لەژێر چاودێری بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رێککەوتنامەیەك بەناوی رێککەوتنی هەولێر ئیمزا کرا، بۆ ئەوەی تێکڕای لایەنە کوردستانیەکانی کوردستانی رۆژئاوا پێوەی پابەند بن و ئیدارەی ئەو ناوچانانە بدەن کە ئێستا لەژێر دەستی کوردانی سوریادایە.


بەداخەوە ئەو ئومێدەی کە بەم هەلە مێژووییە هەبوو کە بۆ کوردانی سوریا هاتۆتە ئاراوە، تاکڕەویی لایەنێکی سیاسی وەك پەیەدە ئەم ئومێدەی تەڵخکردووە و هەست دەکرێت بەردەوامبوونی لایەنێك بەتاکڕەویی کۆی پرۆسەی سیاسی دەخاتە مەترسیەوە و ترسی ئەوە هەیە ئەم هەلە مێژووییە لەدەست کوردانی سوریا بچێت کە دەیان ساڵە خەونی پێوە دەبینین.

## کوردانی سوریا
## لەنێوان بەرداشی رژێم و ئۆپۆزسیۆندا

رووخانی رژیمی بەعسی ئەسەد بۆ کوردی سوریا لە باشترین حاڵەتدا وەك رووخانی رژیمی بەعسی سەدام وایە بۆ کوردی عێراق، ئەمەش زۆر بەراشکاوی مانای ئەوەیە بە تەنیا بەرووخانی رژێمی بەعسی بەشار ئەسەد کێشەی کوردی سوریا چارەسەر ناکات، هەروەك چۆن رووخانی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق کێشەی کوردیان چارەسەر نەکرد، بۆیە لەم روانگەیەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە باشوری کوردستان، ئەوا هەست دەکەین لەهەموو سەردەمێکدا چەند بارودۆخ سەخت بووبێت یان بارودۆخە لەبار بووبێت، ئەوا تەنیا رێگە کە بۆتە زامنی بەدیهێنانی مافەکانی کورد لەهەر چوارپارچەکە تەنیا یەکڕیزیی و یەکتری قبوڵکردنی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان بووە، هەر ئەم یەکڕیزیی و یەك گوتاری و یەکتری قبوڵکردنە لەبارودۆخە زۆر سەختەکاندا دەرگای ئومێد و ئاواتی لەرۆژە زۆر سەختەکاندا کردۆتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەتا ئەگەر بارودۆخەکە زۆر لەبار بووبێت، ئەوا ئەگەر لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان یەکڕیزی نەبووبن و یەکتریان قبوڵ نەکردبێت، ئەوا ئەو بارودۆخە لەبارە کەوتۆتە مەترسیەوە و شەڕی ناوخۆیی لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا بەرپا بووە و سەرەنجامیش کورد زەرەری کردووە، سەبارەت بە گرنگی یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژئاوا کە ئێستا بەهۆی تاکڕەویی پەیەدەوە خەریکە درزی تێدەکەوێت، عەبدولحەکیم بەشار سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵان رایگەیاند، ئێستا لە رۆژئاوا حزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکە کەوتوونە ژێر گوشارێکی گەورەی پەیەدە، لەمبارەوە وتی: (بەشێوەیەکی گشتی گوشارێکی زۆری سەرکوتکاری و راونان لەسەر کادیرانی حزبمان و گەلی کورد هەیە لە لایەن پەیەدەوە، بە تایبەتیش ئاوارەکردن و دەرکردن بۆ سەر ئەندامانی ئێمە، ئەو گوشارانەی پەیەدە بۆ سەر گەلی کوردمان لە سوریا کاریگەریی کردۆتەسەر رەوشی ئاساییش و تێکدانی شیرازەی گوزەران و ژیانی رۆژانەی خەڵکەکە، ژمارەی ئەوانەی لەم رۆژانەدا لە سوریا لەسەر جێ و ڕێی خۆیان ئاوارەکراون و روویان لە ناوچەکانی دەوروبەر کردووە خۆی لە ٥٠ هەزار هاووڵاتی کورد دەدات، لە راستیدا ئەو سیاسەتەی پەیڕەو دەکرێت بریتییە لە سیاسەتی چۆڵکردنی ناوچە کوردنشینەکان و پیادەکردنی سەرکوتکاری و تۆقاندن و جێگە پێ لەقکردنی ئەو خەڵکە سڤیلەیە کە دەیەوێت

لەسەر خاکی باب و باپیرانی بەردەوامیی بە ژیان بدات، ئەوەی پەیەدە کردوویەتی بڕوا ناکەم رژێمی سوریا بەم شێوەیە بەرامبەر بەو خەڵکە کردوویەتی. هۆکار و هاندان بۆ ئەم رەفتارانەی پەیەدە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکەی رۆژئاوا نایانەوێت دووچاری شەڕی ناوخۆیی نێوان کورد و کورد بینەوە، بۆیە پەیەدە ئەم دەرفەتەی قۆستۆتەوەو دەستی کردووە بە بەکارهێنانی هەموو هۆیەکانی تۆقاندن و کوشتن و دەرکردنی خەڵکەکە،هەروەها پەیەدە ئامادە نییە گفتوگۆو دیالۆگ بکات و بەشداربێت لە بڕیاری چارەنووس و ئاییندەی گەلەکەمان، دەیەوێت خۆی فەرماندەر بێت و هێزەکانی دیکە گوێڕایەڵ بن)).

ئەوەی عەبدولحەکیم بەشار بۆ گوڵان ئاماژەی پێکرد ئەو مەترسیەیە کە ئەقڵیەتی تاکڕەویی پەیەدە بەرامبەر لایەنەکانی دیکە دەیکات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا حزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکەی رۆژئاوا، تاچەند یەکڕیزی و یەکتری قبوڵکردن بە گرنگ دەزانن ؟ ئەم پرسیارەمان رووبەڕووی بەڕێز تاهیر سافۆك سکرتێری حزبی نیشتمانی دیموکراتی سوریا کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی داینەوە وتی: ((ئێمە وەك بزووتنەوەی کورد دوژمنمان زۆرە، ئەگەر دۆستیشمان هەبێت دوورن و هەمیشە بەرژەوەندیی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندیی ئێمە، هەر لەبەر ئەوەیە کە لەسەر هەموو لایەنەکانی ناو بزووتنەوەی کورد پێویستە بەرژەوەندیی یەکلایەنەو تەسکی حزبایەتی بخەنە لاوە، جا ئەمە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت، با بێن بیر لە ئاییندەی ئەم میللەتە بکەنەوەو هەوڵ بدەن بە شێوەیەکی رێکوپێك مامەڵە لەگەڵ دۆست و دوژمنان بکەن.. تا ئێستا هەروەکو هەموو لایەك دەزانن، چ رژێمی سوریا و چ ئۆپۆزسیۆن هیچ لایەکیان دان بە مافەکانی کورد دانانێن، بۆیە پێویستە بزاڤی کوردی هەردەم بیر لەوە بکاتەوە کە بتوانێت لایەنە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ خۆی رابکێشێت تاکو بتوانێت ئەو مافانەی داوای دەکەن بە ئەوانی بناسێنێت و بە یەك گوتار ئەوەی مەبەستیان بێت بیخەنە بەردەمیان چونکە زۆر ئەستەمە کورد لەو شوێنە بەبێ پشتیوانی نێودەوڵەتی و هێزی خێرخوازی ئیقلیمی بەو ئاواتانەی بگات و ئاییندەیەکی رۆشن بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لەمەش گرنگتر یەکڕیزی بەر لە هەموو شتێك دێت لە پەیوەندی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردەوە لە



**عەبدولحەکیم بەشار**

**سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد بۆ (گوڵان):**

## گوشاری پەیەدە بۆ سەر گەلی کوردمان لە سوریا کاریگەریی کردۆتەسەر رەوشی ئاسایش و تێکدانی شیرازەی گوزەران و ژیانی رۆژانەی خەڵک



**تاهیر سافۆک**

**سکرتێری حزبی نیشتمانی دیموکراتی سوریا بۆ ( گوڵان):**

## جێبەجێ نەکردنی رێکەوتنی هەولێر لەلایەن پەیەدەوە زیانی بەیەکڕیزی کوردانی سوریا گەیاند

**بە تەنیا رووخانی رژێمی بەعسی بەشار ئەسەد کێشەی کوردی سوریا چارەسەر ناکات، هەروەک چۆن رووخانی رژێمە یەک لەدوایەکانی عیراق کێشەی کوردیان چارەسەر نەکرد**

هەر چوار پارچەی کوردستاندا، بۆ ئێستای رۆژئاواش ئێمە بە ئاواتی ئەوەین رێکەوتنی هەولێر جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بەندەکانی ئەو رێکەوتنە یان نیوەی جێبەجێ بکرابایە ئەوا دەمانتوانی یەکڕیزیی کوردمان بپاراستبایە،بۆیە بەداخەوە بەرپرسیارێتیی یەکەمی ئەم جێبەجێ نەکردنە برادەرانی پەیەدە بوون. هەروەك سەرۆك مسعود بارزانی دووپاتی دەکاتەوە بۆ ئێمە لە هەردوو ئەنجومەن ئەوە پێویستە کە یەکڕیزی بپارێزین و هاوکاری یەکدی بکەین ئەگەرنا هیچ لایەنێکمان لە توانایدا نییە بە تەنیا سەرکەوتن بێنێتەدی. لەلایەکی دیکەش وەك دەبینین هەوڵەکان بۆ یەك گوتاری کورد لە هەر چوار پارچە بەردەوامە و ئەوەی مایەی هیواو خۆشحاڵی ئێمەی کوردە لە هەر چوار پارچەکە ئەوەیە، کە ئەو کۆنگرە نەتەوەییەی دەبەسترێت ببێتە فاکتەرێك بۆ دروستبوونی یەکڕیزی و یەك گوتاریی کورد بە گشتی، هاوکات بتوانرێت ئەنجامی بە سوود لە بەرژەوەندیی هەموو کوردی لێبکەوێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە ئەو کۆنگرەیە لە خەمی گرفت و کێشەکانی سەرجەم کورددا بێت بە شێوەیەك لە هەر بەشێك کێشەیەك هەبێت چارەسەری بۆ بدۆزنەوە)).

## تاکڕەویی پەیەدە
## زیان لە بەرژەوەندییەکانی کورد دەدا

حزب و لایەنە سیاسییەکان رۆژئاوا رەفتارە تاکڕەوییەکانی پەیەدە بەدژی بەرژەوەندی کورد و بۆ بەرژەوەندی دوژمنان دەخوێننەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە قۆناخی وەرچەرخان یان قۆناخی لاواز بوون یان رووخانی رژێمە دیکتاتۆرییەکان وەك پرۆفیسۆر جین شارب لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی ( لە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی ) ئاماژەی پێکردووە کە بە شکستهێنانی رژێمە دیکتاتۆرەکان هەموو کیشەکان کۆتایی نایەت، لەبەر ئەوەی میراتی رژێمە دیکتاتۆرەکان بریتیە لە برسیتی و تاوان و شێواندن، بۆیە کاتێك رژێمە دیکتاتۆرەکان شکست دەهێنن هەست دەکەین دووبارە زەمینە بۆ ئەو حزبە تاکڕەوانە دروست دەبێتەوە کە دیکتاتۆریەتێکی دیکە بەینەوە ئاراوە، ئەم دیاردەیەش لەو حزبانەوە سەرهەڵدەدات کە سەرکردایەتیەکەیان بریتین لە دەستەیەکی دەستەبژێر کە هەوڵدەدەن لەچوارچێوەی ئایدلۆژیەتێکی دیاریکراودا ئیرادەی خۆیان بەسەر لایەنەکانی دیکە فەرز بکەن و هیچ مانایەك بۆ پێکەوە ژیان و یەکتری قبوڵکردن نەمێنێتەوە، لەم حاڵەتەشدا کە ئامانجی ئەو گروپ و دەستەیە تەنها دەبێتە خۆسەپاندن و خۆ فەرز کردن، ئەوا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێت و باردۆخەکەش دەگۆڕێت بۆ ئاژاوە و سەرگەردانبوونی هاوولاتیان، ئەم باردۆخەی جین شارب ئاماژەی پێکردووە لە رۆژئاوای کوردستان و لەئاکامی رەفتارەکانی پەیەدە هەستی پێدەکرێت و حزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکەش هەست بەم راستیە دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەو زیانەی لە ئاکامی رەفتاری پەیەدە لەم قۆناخە بەر بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان دەکەوێت، زۆر لەو زیانانە زیاترە کە رژێمی ئەسەد لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستانی داوە، لەمبارەوە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان عەبدولحەکیم بەشار بەمجۆرە هەڵوەستەی کرد و وتی: (جاران سیاسەتی پەکەکە لە سالآنی نەوەدەکان ئەوە بوو کە بە قسەی ئەوان کورد لە سوریا نییە بەڵکو کۆچەرن و لە شوێنی دیکە هاتوون و پێویستە بگەڕێنرێنەوە جێگەی جارانیان، ئێستاش سیاسەتەکەی پەیەدە بەم شێوەیەیە کە دەبێ هەموو ناوچە کوردنشینەکان لە دانیشتوانەکانیان چۆڵ بکرێن، جا بۆ هەر وڵاتێك دەچن چ بۆ عیراق یان بۆ تورکیا یان شوێنی دیکە، کەواتە ئێستا ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش هاوشێوەی سیاسەتی بەعسی شۆڤێنییە. ئەمەش بەشێکە لە ئەجێندای رژێمی سوریا، چونکە ئەو رژێمە کاریگەریی بۆ سەر رەفتاری پەیەدە هەیە، ئەو دەیەوێت ململانێ لە نێوان تایفەو ئایینزاو نەتەوەکاندا بکات، لە نێوان سوننەو عەلەوییەکان، هەروەها ململانێی بیروباوەڕ لە نێوان تاقمە توندڕۆ ئیسلامییەکان، هەوەها نێوان عەرەب و کورد، دواجار لە نێوان خودی پێکهاتە کوردییەکان، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەر و ئەنجامەکانی ئەم کێشەیە دەکەوێتە ئەستۆی خۆمان کە ناتوانین چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە. چارەسەرەکەش لەوەدایە (پەیەدە) کەئێستا پەیوەندی و هەماهەنگی بەهێزی لەگەڵ رژێمی سوریادا هەیە، دەبێت وازی لێ بێنێت، یان لە چوارچێوەی ئەجندای کوردی کاربکات، بەشداریی کاریگەریانە بکات لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە سوریا، بەڵام بژاردەکانی دیکە رەنگە زۆر قورس بن. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا دەبینین کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات هەموو لایەنەکان لەیەکدی نزیك بکاتەوە، تاکو لەرووی سیاسی و سەربازییەوە گوتارێك و هێزێکی یەکگرتووی کوردی

بێتەئاراوە، بەڵام خەڵکانێک هەن دژی ئەم هەنگاوە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوانە دەیانەوێت ریزەکانی کورد تێك بدەن و جوداکاریی بخەنە نێوان هەموو بەشەکانەوە لە پێناو بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی.))


ئەوەی سیاسەتمەدارانی کوردی رۆژئاوا بەمەترسی بۆ سەر دۆزی رۆژئاوا ئاماژەی پێدەکەن رەفتارە تاکڕەوییەکانی پەیەدەیە، بۆیە ئێستا هەوڵی هەموو لایەك بۆ ئەوەیە کە گوشارێکی سیاسی دروست بکەن بۆ ئەوەی پەیەدە دەستبەرداری ئەو تاکڕەوییە بێت و بڕوای بە یەکتری قبوڵکردن و پێکەوە کارکردن هەبێت، لەمبارەوە بەڕێز شەلال کەدۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی چەپی دیموکراتی لە سوریا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت پەیەدە لەسەر رەفتارەکانی بەردەوام بێت و لەمبارەوە وتی: (ئێستا مەترسییەکی زۆر هەیە لە سەر کورد بە گشتی و لەسەر رۆژئاوای کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی، هاوکات رۆشنایی زۆر لەسەر دۆزی کوردە لەم ناوچەیەدا بۆیە یەکڕیزیی کورد لەم قۆناغەدا لە هەموو شتێك لەپێشترە، هەروەها ناکۆکی و جیاوازیی نێوان لایەنە کوردییەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بۆ بەرژەوندیی دوژمنانە، سەبارەت بە یەکگرتن ئەوە هیوایەکە بۆ ئێمە چونکە بۆ نموونە دەبینین دەیان دەوڵەت لە کیشوەری ئەوروپا لەچوارچێوەی یەکێتیی ئەوروپادا بەیەکەوە کاردەکەن، بۆچی ئێمەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا نەتوانین وەکو یەك میللەت یەکێتیی خۆمان بپارێزین. بۆیە لە پێناو بەرژەوەندی کورد نابێ پەیەدە یان هەر حزبێکی دیکە لە کوردستان خۆی بە سەر لایەنەکانی دیکە بسەپێنێت، هەر حزبە دەتوانێت بەپێی کێش و تواناو بیروهزری خۆی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکات، ناکرێ حزبێك خۆی بەگەورەتر لەوی دیکە دابنێ، چونکە هەموو لایەنەکان کار بۆ خزمەتکردنی گەلی کورد دەکەن لەم وڵاتەدا، چ ئەنجومەنی نیشتمانی یان ئەنجومەنی گەلی رۆژئاوای کورد لە سوریا.بۆیە ئەگەر بە تەنیاو تاکڕەویانە کاربکەین لە کۆتاییدا زیان بە میللەتەکەمان دەگەیەنین. رەنگە ئەنجومەنی ئێمە لەگەڵ پەیەدە لە هەندێ شتدا جیاواز بێت، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین دەبێت هەموو بۆ بەرژەوەندی کورد کاربکەین، بۆ ئەمەش دیالۆگ لە نێوان هەردوو ئەنجومەن دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی جیاوازییەکانمان، ناکۆکی و ململانێی نێوان کورد -



**شەلال کەدۆ**

**ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی چەپی دیموکراتی لە سوریا بۆ ( گوڵان):**

## رێکەوتنی ستراتیژی هەولێر کە بەچاودێری سەرۆک مسعود بارزانی ئیمزا کرا بۆ رۆژئاوای کوردستان چارەنووسسازە



**عەلی شەندین**

**ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی سوریا بۆ (گوڵان):**

## بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەرفەتێکە بۆ کوردو بەدەستهێنانی یەکڕیزی

**ئۆپۆزسیۆنی سوریا راشکاوانە دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورد نەناوە و ئامادە نییە ئەو مافانە بسەلمێنێت**


**رێکەوتنی هەولێر هەلێکی مێژووییە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کوردانی سوریا، بەڵام تاکڕەویی پەیەدە کۆی پرۆسەی سیاسییەکەی خستە مەترسییەوە**

کورد لە سوریا کارەساتە بۆ میللەتەکەمان لە سوریا بە گشتی.. هەر بۆیە یەکڕیزیی کورد لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان شتێکی گەلێك گرنگە، بۆیە ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەم قۆناغەدا دەستی بەکارەکانی بکردایە چونکە بۆ هەموو کورد دەستکەوتێکی گرنگ بوو، لەبەر ئەوە زیاتر رۆشنایی دەخستە سەر کێشەی ئێمە لە رۆژئاوای کوردستان، بەڵام دواخستنی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆ دوو مانگی دیکە راستە زۆر کاریگەری نییە بەڵام گرنگە زوو ببەسترێت، تاکو هەموو وڵاتانی جیهان ئاگاداربن کە میللەتی کورد وەکو گشت میللەتان مافی خۆیانە بە شێوەیەکی دیموکراتی و ئاشتییانە ژیان بەسەربەرن. هەروەها رێکەوتنی هەولێر زۆر گرنگە بۆ قۆناغی ئێستای کورد لە رۆژئاوای کوردستان، چونکە ئەم رێکەوتنە چارەنووسسازەو ستراتیژییە و بە چاودێریی سەرۆك مسعود بارزانی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان ئیمزا کراوەو پێویستە هەموو لایەك رێزی بگرێت،چونکە ئەگەر ئەو رێکەوتنەی هەولێر نەبوایە ئێمەی کورد نەمان دەتوانی درێژە بە کاری خۆمان لە رۆژئاوای کوردستان بدەین هەر لەبەر ئەوەیە ئێمە وەکو ئەنجومەنی نیشتمانی و حزبی چەپی دیموکرات لە سوریا داوا لە هەموو کوردێك دەکەین پابەندبێت بەو رێکەوتنەو جێبەجێی بکات.))

### کوردستانی رۆژئاواو سوودوەرگرتن لە دەرفەتێکی زێڕین

چۆن لەساڵی ١٩٩١ دەرفەتێکی زێڕین بۆ بەشێکی کوردستانی باشوور هەڵکەوت و توانرا ئەو ئەزموونە دیموکراتیەی لێ بەرهەم بێت کە ئێستا جیهان بە شانازییەوە باسی لێوە دەکات، ئەوا بەهەمان شێوە ئەو دەرفەتەی بۆ کوردستانی رۆژئاوا هاتۆتە پێشەوە دەکرێت بۆ بەرژەوەندی کوردستانی رۆژئاوا سوودی گەورەی لێوەربگیرێت و نموونەیەکی دیکەی جوانی خۆبەڕێوەبردنی کورد پیشانی جیهان بدرێت، بەڵام ئەمە چۆن دروست دەبێت؟ بێگومان دەبێت هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژئاوا بگەنە ئەو قەناعەتەی کە تاکڕەویی و خۆسەپاندن جگە لەوەی روویەکی ناشرین پیشانی جیهان دەدات لەهەمان کاتدا کوردی رۆژئاواش سەرگەردان دەبێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گەڕانەوە بۆ ئەقڵ و لۆژیك و خۆ دوورخستنەوە لە خۆسەپاندن و تاکڕەویی زەمینەیەك دروست دەکات کە بتوانرێت هەنگاوی گرنگ بۆ ئەو ئامانجە هەلبگیرێت، سەبارەت بەم لایەنە بەڕێز عەلی شەندین ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی سوریا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کرد و ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (ئێستا دەرفەتێکی زێڕین هاتۆتە پێش، ئەگەر یەکڕیزیی و یەك گوتاریی بۆ سەرجەم کورد پێویست بێت ئەوا بۆ کوردی سوریا دەیان جار پێویستترە، هەر بۆیە ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو یەکڕیزییە دروست بکەین لە رێگای ئەنجامدانی دیالۆگ لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کورد و ئەنجومەنی نیشتمانی لە سوریا ئەوا سەرکەتوو دەبین، بە پێچەوانەوەشەوە تەمەنی رژێمەکەی ئەسەد درێژ دەبێت و خوێنی رۆڵەکانمان زیاتر بە ناحەق دەڕژێت. بۆیە لەم قۆناخە زۆر گرنگە لەگەڵ ئەوەی ناکۆکیی نێوان لایەنەکانی کورد لە سوریا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام دەکرێ گرفتەکانمان وەلاوەبنێین و کێشەکانمان چارەسەربکەین، بزووتنەوەی کورد لە رۆژئاوا پێویستی زۆری بە پشتگیریی هەیە بەڵام نەك بە دەستتێوەردان. هەربۆیە هەر هەوڵێك بدرێت بۆ یەکڕیزیی کورد زۆر گرنگەو جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەم رووەوە بە سوپاسەوە درێخی نەکردووە، بەڵام هەندێ گرفت لە ئارادایە و هەندێ جاریش ئاستەنگمان بۆ دروست دەکرێت یان دەست تێوەردان دێتەپێش، کە کوردی رۆژئاوا لە نێو هێزەکان دابەش دەکرێن، کە ئەمەش زۆر نەرێنییەو بۆ ئێمە زۆر خراپە چونکە پێویستیمان بە پشتگیریی سەرتاسەرییە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی لە بواری سیاسی و ئابووری و راگەیاندن، یان ناساندنی بزاڤەکەمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەو رووداوو پێشهاتانەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر کاریگەرییان هەیە بۆ سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد تاکو بیر لەوە بکەنەوە کە رێگەیەك و یەکڕیزیی بگرنەبەر بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێك کە زیان بە کورد بگەیەنێت، ئێستاش دەرفەتێك هاتۆتەپێش بۆ کورد ئەویش بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە بە سەرپەرشتیی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ دەست نیشانکردنی ئاریشەو گرفتەکان و دۆزینەوەی رێگاچارە بۆ هەموو کێشەکان،هەرچەندە دواخرا بەڵام جێگەی ئومێدی ئێمەیە،بۆیە ئێستا دەرفەتێك بۆ کورد هاتۆتە پێش پێویستە بە تەواوی و بە قازانجی میللەتەکەمان بیقۆزینەوە)).

# کێشەی سوریا و شکستهێنانی لوتکەی سان پیێترۆسبۆرگ



شۆڕش عەزیز سورمی

لە کاتێکدا سەرانی گروپە بیستەکە سەبارەت بە لێدانی رژێمی سوریا خەریکی دانوستان بوون،خەلکی سڤیل لەو ولاّتە بە بەردەوامی کۆمەڵکوژییان بەرامبەر دەکرێت.

لە لوتکەی (سان پیێترۆسبۆرگ ) کە لە رووسیا بەسترا، ناکۆکی لە نێوان ولاّتانی ئەوروپای پێوە دیاربوو لەمەر مەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە سوریادا. فەرەنسا کە یەکێکە لەو ولاّتە ئەورپییانەی کە تا ئێستاش سوورە لەسەر لێدانی سوریا،لە رۆژی دوایی لوتکەکەدا (فرانسوا هۆلاند)ی سەرۆکی فەرەنسا لەلایەن خۆیەوە هاوپەیمانانی ئەوروپای لەوە دڵنیا کردەوە کە تاوەکو راپۆرتەکەی کۆمەڵگەی جیهانی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەمەڕ هێرشە کیمیاوییەکەی (٢١)ی ئابی سوریا بلاّو نەکرێتەوە، هیچ بڕیارێک نادات بۆ هێرش کردنە سەر سوریا، هەروەک چۆن زۆربەی وەزیرانی دەرەوەی ولاّتانی ئەوروپا لەگەڵ ئەو بیروڕایەدا کۆکن، هەروەها ئەو خاڵەی کە زیاتر یەکێتیی ئەوروپا جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە کە دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان پەلە بکات لە بلاّوکردنەوەی راپۆرتەکە،ئەگەرنا ئەوە مەسەلەکە پشتگوێ دەخرێت،هەرچەندە هیچ کاتێک دیاری نەکراوە بۆ بلاّوکردنەوەی راپۆرتەکەی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە رۆژی (٣٠)ی مانگی رابردووەوە ئەرکەکانیان تەواوکردووە، بەڵام بەپێی سەرچاوە دیبلۆماسییەکان رەنگە راپۆرتەکە لەهەمان رۆژدا بلاّو بکرێتەوە کە کۆنگرێسی ئەمەریکا دەنگ لەسەر ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر سوریا دەدات. هەر لەمبارەیەوە (کارل بیلت)ی وەزیری دەرەوەی سوید رایگەیاند کە مەسەلەی چاوەڕوانکردنی راپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان مەسەلەی رێزگرتنە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەگەر نا بەڵگەکان هەموویان ئاشکران و لەبەر دەستن کە کێ ئەو کارەساتەی لە سوریا ئەنجامداوە. هەروەها دووپاتیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیندستان و بەرازیل و چین پێیان وایە ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئەمەریکاوە ئاشکرا کراون بەس نین بۆ دەستتێوەردانی سەربازی لە سوریا، بەڵکو دەبێت گشت وردەکارییەکانی تر بزانرێن لەمەڕ قەبارە و چۆنییەتی و سەرچاوەی دروست کردنی ئەو چەکە کیمیاوییانە. لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی ولاّتانی ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، سعودیا و ژاپۆن لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا جەختیان کردەوە کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەر شوێنێک ئاسایشی خەڵک کەمدەکاتەوە، نەک تەنها ئەمە،بەڵکو مەترسیی بۆ سەر ولاّتانی دەوروبەریش دەبێت. هاوکات (باراک ئۆباما)ی سەرۆکی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووپاتی ئەوەی کردەوە کە زۆربەی خەڵک، بەشار ئەسەد بە بەرپرسیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەزانن،هەرچەندە «ڤیلادیمیر پوتین» ی سەرۆک کۆماری رووسیا، لەگەڵ ئەم رایەدا نییە، هەروەها ئۆباما حکومەتی بەشار ئەسەدی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان وەسف کرد. لەلایەکی دیکەوە پوتین لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا گوتی: زۆربەی سەرۆکەکانی بەشداربووی گروپی ٢٠ دژی هەوڵی سەربازین دژ بە سوریا. پوتین ئاشکراشی کرد: تەنیا ئەمەریکا، فەرەنسا، کەنەدا، سعودیا و تورکیا لەگەڵ ئەوەدان کە بەبێ رەزامەندیی ئەنجومەنی ئاسایش هێرش بکرێتە سەر سوریا. لە راستیدا ئەو هەڵوێست وەرگرتنەی ولاّتانی رۆژاوا لە سەرووی هەمووشیانەوە ولاّتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبوایە دوو ساڵ لەمەو بەر پیشانیان دابایە، نەک چاوەڕوانی روودانی کارەساتە کیمیاوییەکەی ٢١ ی مانگی رابردووی سوریایان کردبایە.

تایبەت بە گوڵانی نوووسیوە

# واقیع و پێشبینیەکان لەمەڕ کێشەی سوریا

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە



ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە پێدەچێت پەتی ملی بەشار ئەسەدی سەرۆکی میراتگری سوریا خاوبووبێتەوە بەهۆی ئەو مانۆرە زیرەکەی ئەنجامی دا بەوەی سەرجەم چەك و جبەخانەی سەربازی خۆی بخاتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی نێودەوڵەتییەوە بۆ ئەوەی لە دواتردا تێکبشکێنرێن. پێویست ناکات ئەوە بڵێین کە ئەو لایەنانەی خوازیاری ڕۆیشتنی ئەو بوون هیچ خۆشحاڵ نین، چونکە دەستپێشخەرییەکەی روسیا و ئەمەریکا لەبارەی چەکە کیمیاوییەکان و ڕێگەدان بە مانەوەی رژێمی سوریا دژی هەموو ئەوانەیە کە تا ئێستا ئەوان داکۆکیان لێکردووە. لە تورکیدا دەستەواژەیەك هەیە بۆ ئەم حاڵەتە: « ئێسقانەکان توندبگرە و سەگەکان بەڕەڵڵا بکە.» ئێستا دەبینین کە تا چ سنوورێك میلیشیا و هێزە چەکدارەکانی ئەسەد ئامادەن وڵاتەکە وێران بکەن و کوشتار لەریز خەڵکەکە بکەن هەر بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

بۆچی ئەمە وایە؟ یەکەم، ژمارەیەکی کەم لە شرۆڤەکاران ئەو واقیعەیان خوێندۆتەوە کە سوریا بووکەشووشەی ماتریۆشکا بوو و پەیوەندیی ستراتیجیی ئیتنی-کەلتووری لەگەڵ دراوسێ و دەوڵەتە دوورەکانی دیکەدا هەبوو کە بەرژەوەندیی جیاواز و ناکۆك بەیەکیان هەبوو. لە ڕاستیدا سوریا ئەو ڕاستییەی سەلماند کە گۆڕەپانی بەرژەوەندییە جیهانییەکانە کە چەندین گەمەکاری لە خۆدەگرت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی گەمەکە ئەوەندە پشێویی تێکەوت کاتێك ئاڕاستەی مەسەلەکان بەرەو ئەوە بوو پەلبکێشێت بۆ ناوچەکە و دوورتریش.

دووەم: ناکرێت ئاست و ئەندازەی پشتیوانیی ناوخۆیی بۆ حکومەتەکەی ئەسەد (سەرەڕای خەسڵەتە دیکتاتۆرییەکەی) بە وردی هەڵبسەنگێنرێت. هەندێ لە وڵاتان، لە نێویاندا تورکیا، یاخیبوونەکەیان وەك ڕاپەڕینێکی جەماوەری تێکڕای گەل دەبینی و لایەنی «گەل»یان گرت. هەرچۆنێك بێت، هەرگیز گەلان قەوارەیەکی یەکڕەنگ نەبوونە کە بەرژەوەندی و پێشبینی و شێوە ژیانی هاوشێوەیان هەبوو بێت. بەڵکو ئەوان بەهۆی یاسا و تا ڕاددەیەك ڕازیکردنیانەوە پێکەوە دەمێننەوە لەگەڵ دەسەڵاتێکی سیاسیدا کە پشت بە ئەندازەیەك لە هێزی شەرعی ببەستێت. کەواتە، لە ڕاستیدا «لایەنگیریی گەل» لایەنگیری بەشێکی گەلە کە وای دەبینین نزیکن لە ئێمەوە، بەڵام ئەی چی دەڵێن لەبارەی باقی خەڵکەکەوە کە هێشتا پشتیوانی رژێم/حکومەتەکە یان هەر شێوەیەکی دیکەی حکومەت دەکەن؟ ئایا ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە تورکیا توانای مانۆڕکردنی لە سوریا و میسردا لەدەست داوە؟

لە ڕاستیدا دوو پەرەسەندنی دیکە هەن کە دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی سیاسەتی ڕەسمی تورکیا لە ئاست سوریادا. یەکێکیان سروشتی ئۆپۆزسیۆنی سوریایە کە جێی گومانە، دووەمیان بریتییە لە تێڕوانینی ئەنتی کوردی زیاد لە ئەندازەی بەرپرسانی تورکیا لە ئاست هەر پەرەسەندنێك لە پرسی کورددا. لە ڕاستیدا، ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەدەست توندڕەوە دەرەکییەکانەوە دەناڵێنێت ئەوانەی هێنراون ( یان خۆیان بەخشیوە) لە جیهانی ئیسلامیەوە و ئامادەی قوربانیدانن بە ژیانی خۆیان لە پێناوی جیهاددا. ئەوان بە دوای دروستکردنی دەوڵەتێکی سوننی میسالیەوەن کە لەلایەن خەلیفەوە بەڕێوەببردرێت. ئەجێندای ئەوان هەر تەنها ڕووخاندنی ڕژێمی سوریا نییە، بەڵکو پاککردنەوەی وڵاتەکەیە لە کەمینەی نوسەیری- عەلەوی و هەوڵدان بۆ یەکخستنی سەرجەم سوننەکان.

بەم دواییە دەزگاکانی ئاسایشی تورکیا دەستپێشخەرییەکی مەترسیداری ئەم گروپەیان دەستنیشان کرد. ڕۆژنامەکانی تورکیا و (WorldTribune.com) ئاشکرایانکرد کە داواکارانی گشتیی تورکیا ئەوەیان دیاری کرد کە یاخیبووە سوننەکانی سەر بە ئەلقاعیدە داوای ئەو کەرەستانەیان کردووە کە پێویستن بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی. ئەم تۆمەتبارکردنە، وەك داوایەکی یاسایی لە بەردەم دادگادا لە پارێزگای هەتای تورکی بەرزکرایەوە، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە هەندێ لە ناسیۆنالیستانی سوری و تورك هەوڵیاندا کەرەستەی دروستکردنی چەکی کیمیاوی بۆ بەرەی نوسرە هاوڕێبازی ئەلقاعیدە دابین بکەن بۆ پاراستنی بیلاد ئەلشام و بەتالیۆنی ئەحرار ئەلشام و بۆ بەرهەمهێنانی غازی سارین.

ئەمە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە دەبێتەهۆی گرفتاربوون و و دەردەدارکردنی ئەو کەسانەی شەڕ لە دژی دیکتاتۆری دڵڕەقی سوریا دەکەن. هێشتا پەرەسەندنێکی دیکەش هەیە کە پەیوەستە بە تورکیاوە. زۆرینەی ئەو کوردانەی سوریا کە بەدوای بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیەوەن لە باکووردا و بە درێژایی سنووری تورکیا پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ پەکەکەدا هەیە، ئەو تۆڕە چەکدارییەی لە ساڵانی هەشتاکانەوە شەڕ دەکات لەناو تورکیادا بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی. ئەگەری ئەوەش هەیە بەدەستی بهێنن ئیتر ئەسەد ( یان هەر بەعسییەکەی هاوشێوە لە دوای ئەو) لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە یان بڕوات. ئەم دەرئەنجامە تورکیا هەراسان دەکات بە تایبەتی کە «کێشەی کورد»ی خۆی چارەسەرنەکردوە.

تورکیا یان دەبێت ئاشتەوایی لەگەڵ هەردوو لایەنی کوردی ( ناوخۆیی و سوری )یدا بکات، بە چەشنی ئەوەی لەگەڵ کوردی عێراقدا کردوویەتی، یان دەبێت هەردوولایان سەرکوت بکات، چونکە ناکرێت ئاشتەوایی لەگەڵ لایەکیان بکەیت و لایەکەی دیکە سەرکوت بکەیت. ئەم تەنگژەیە واقیعێکە شکست و سەرکەوتن دیاری دەکات.


ئەوەی پتر پرسەکان ئاڵۆز دەکات ئەو مەزەندانەیە کە وای لێکدەدەنەوە پشتیوانییەکی ڕەسمی تورکیا هەیە بۆ گروپە توندڕەوەکانی وەك ئەلنوسرە بۆ سەرکوتکردنی خەونەکانی کورد لە باکووری سوریادا. بە پێی «Intelligence Online» کە گۆڤارێکی فەرەنسی پرۆفیشناڵە و لە نزیکەوە موتابەعەی چالاکییەکانی دامەزراوە هەواڵگرییەکان دەکات لە سوریادا، ئەنقەرە بەتالیۆنێکی کوردی جیهادی دامەزراندووە بۆ شەڕکردن لە دژی پارتە سەرەکییەکەی کورد پەیەدە( پارتی یەکێتی دیموکراتی ) کە پێی دەڵێن کەتیبەی تاڵیبان (کات). ئەم گۆڤارە کە بارەگاکەی لە پاریسە باس لەوە دەکات کە هەندێ لە جەنگاوەرانی «کات» پێشتر ئەندامی بزووتنەوەی جوداخوازی کوردی- پەکەکە- بوونە و لە زیندانەکانی کوردا بوونەتە دەروێشی پرسی جیهاد. ئەوانەی دیکەش لە قوتابخانە ئاینییەکانی تورکیاوە هاتوون کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە پارێزگا کوردییەکاندا بڵاون، کە بە شێوەیەکی سەرنج نەدراو بەردەوام بوون لە چالاکییەکانی خۆیان لە دوای سەرکوتکاریەکەی ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردو. ئەم کەسانە ڕەوانەکران بۆ ئەوەی شەڕی پەیەدە بکەن لەسەر سنوری تورکیا وسوریا شان بە شانی سوپای ئازادی سوریا و بەرەی ئەلنوسرەی جیهادی. هەروەها گۆڤارەکە ئاماژە بەوە دەکات کە تورکیا بە ئاشکرا پشتیوانیی گروپە جیهادییەکان و زۆرێك لە بەتالیۆنەکانی ئازادی سوریا دەکات، ئەوانەی لە کوردستانی سوریادا شەڕی کورد دەکەن، بە تایبەتی لە ناوەڕاستی تەمموزەوە. هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو کە سنوورەکانی تورکیا بە کراوەیی ماونەتەوە بۆ جیهادیەکانی ئەلقاعیدە، ئەوانەی پشتیوانیی سەربازی و دیبلۆماسی و دارایی لە ڕێی ئەم سنوورانەوە وەردەگرن. من شەخسی خۆم باوەڕم بەم ڕاپۆرتانە نییە، لەبەر هۆیەکی سادە، چونکە ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتانەدا هاتووە تەواو دژی بەرژەوەندییە ڕاستەوخۆکانی تورکیایە: کە بریتین لە ئاشتەوایی کردن لەگەڵ کورد و جێنەگرتنەوەی دیکتاتۆرێکی دڵڕەقی دیکە لە جێی ڕژێمی دیکتاتۆری دڕندەی ئێستا، یاخود تەنانەت پشێوییەکی تەواو باڵبکێشێت بەسەر دراوسێیەکدا کە دەوڵەت تێیدا هەرەسی هێنابێت.

**لە ڕاستیدا سوریا ئەو ڕاستییەی سەلماند کە گۆڕەپانی بەرژەوەندییە جیهانییەکانە کە چەندین گەمەکاری لە خۆدەگرت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی گەمەکە ئەوەندە پشێویی تێکەوت کاتێک ئاڕاستەی مەسەلەکان بەرەو ئەوە بوو پەلبکێشێت بۆ ناوچەکە و دوورتریش**

**دوو پەرەسەندنی دیکە هەن کە دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی سیاسەتی ڕەسمی تورکیا لە ئاست سوریادا. یەکێکیان سروشتی ئۆپۆزسیۆنی سوریایە کە جێی گومانە، دووەمیان بریتییە لە تێڕوانینی ئەنتی کوردی زیاد لە ئەندازەی بەرپرسانی تورکیا لە ئاست هەر پەرەسەندنێک لە پرسی کورددا**

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# نوێخوازی و «رۆشنگەری»



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

میشێل فۆکۆ نووسیویەتی و دەڵێت:»ئەو تاڵە دەزووەی بە رۆشنگەرییەوە دەمانبەستێتەوە، وەفاداری نییە بۆ پرەنسیپی رێبازەکان، هێندەی کە لە راستیدا بەردەوام کارا کردنی هەڵوێستێکی دیاریکراوە، واتە کاراکردنی رۆحێکی فەلسەفیانەیە کە دەکرێ بەوە دیاری بکەین، بەوەی رەخنەیەکی هەمیشەییە لە بوونی مێژووییانەی خۆمان».

دەشکرێ ئەنجامی گرنگ لەم وتەیەی فۆکۆ بەدەست بهێنین. یەکەمیان ئەوەیە کە رۆشنگەری لە لای هەندێك بە زۆری دەبێتە پرەنسیپ، ئەگەر نەڵێین دروشم. رۆشنگەری لەلای زۆربەی ئەوانەی لەبارەیەوە دەدوێن بریتییە لە سەردەمێکی دیرۆکی، ئەو (واتە رۆشنگەری ) یەکەم و بەر لە هەر شتێك، «سەدەیەکە» ناوی لە خۆی ناوە «چاخی رۆشنگەری». پاشان ئەو، بریتییە لە کۆمەڵێك ناو، بە ڤۆلتێر دەست پێ بکات و بۆ رۆسۆ و دالامپیر و دیدرۆ درێژ دەبێتەوە، هەمووشمان بە لیستەکە ئاشناین. بەپێی ئەم روانگەیە بێت، رۆشنگەری بریتییە لە کۆمەڵێك ئایکۆن و قووچەك، کە دەبێ پەیڕەو بکرێن و بە رێڕەوی ئەواندا بڕۆین. هەڵبەت بەو پێودانگە بێت، نوێخوازی بریتی دەبێت لەم پەیڕەوکردنە. نوێخوازی لەم روانگەیەوە، بریتییە لە پیادەکردنی پرەنسیپەکانی رۆشنگەری، ئەو دەرەنجامەشە کە چاخی رۆشنگەری لە دوو سەدەی دواتردا پێی گەیشت.

خاڵی سەرەکی کە فۆکۆ لەوێوە دەست پێ دەکات، ئەوەیە کە رۆشنگەری هەر تەنیا کۆمەڵێك پرەنسیپە. لە بنەڕەتیشدا رۆشنگەری بریتییە لە رەگاژۆ بوونی جۆرێك لە پرسیاری فەلسەفی، «رۆشنگەری پرسیارێکە لە شێوەی گرفتێکدا گەڵاڵە دەکرێت، لە یەك کاتدا، هەر یەك لە پرسی وابەست بوون بە ئێستا، پرسی تەرزی بوونی مێژووییانە، پاشان پرسی بنیات نانی خود وەك خودێکی سەربەخۆشە». رۆشنگەری هەر تەنیا ناوی ناودارانێك نییە، ئەو دروشم و پرەنیسیپیش نییە، چارەسەر و وەڵامیش نییە، بەڵکوو ئەو گرفت و پرسیارە. ئەو «رۆحی فەلسەفەیە» پرسی «پێوەندی بە ئێستا»، هەورەها پرسی «ئەفراندنی خود»یش، دەخاتە ڕوو.

ئەمەش ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە نوێخوازی تەنیا چاخێکی مێژوویی نییە کە بە دوای سەدەی رۆشنگەریدا هاتبێت، هەروەها کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندییش نییە کە مۆرکی خۆی بە قۆناغێکی دیاری کراوەوە نا، ئەو لە راستیدا زنجیرەیەکە لە کارا کردنی ئەم رۆحە فەلسەفییەی کە رۆشنگەریی گرتەوە، واتە ئەو

رەخنەیەکی بێ پسانەوەیە بۆ هەبوونی مێژوویيانەی ئێمە، ئەفراندنێکی ماندوونەناسانەی خودە.

بەرامبەر بە دیاری کردنی کۆرنۆلۆژی، فۆکۆ ئەوە دادەنێت کە دەکرێ پێی بڵێین هەڵوێستی ستراتیژی، کە وا لە نوێخوازی دەڕوانێت بەوەی «رۆحێکی» فەلسەفییە، نەك ئەوەی پرەنسیپەو نە فەلسەفەگەلی تایبەتیش. واشی دادەنێت کە نوێخوازی خەبات و بەرگرییە، رەوشی نوێخوازییش خۆی دۆزییەوە، هەر دەشبێ بەدەوام خۆی بدۆزێتەوە، ئەویش هەمبەر بە هەڵوێستێکی دژبەر.

هەڵبەت کارەکە لێرەدا پەیوەندیی بە بەدوای یەکدا هاتنی سەردەمەکانەوە هەیە، هەروەها بەدوای یەکدا هاتنی چاخەکانەوە، هەروەها شۆڕ نابێتەوە بەرە بەراوردکاریی نێوان بنیاد و مێژوو، هێندەی کە پێوەندیی بە بەراوردی نێوان ئاشتەوایی و نائارامییەوە هەیە. بەرامبەر بەوەی کە وا لە نوێخوازی دەڕواندرێت کە بریتییە لە»پیادە کردنی پرەنسیپ»، هەروەها بەدی هێنانی دروشمیشە، بەرامبەر بە روانین بۆ نوێخوازی بەوەی کە کۆمەڵێك خەسڵەتە کە دەبنە مۆرکی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی، بەوەی لە نێو رۆژانەیەکدا کە سەردەمێکی »پێشین»وەپێشی دەکەوێت، جێی دەکرێتەوە، هەروەها سەردەمێکی «پاشین»یش دەکەوێتە دواوەی، ئەمەش جێی هەڵوێستی دژبەر دەگرێت کە نوێخوازی بە»رەوش»دادەنێت. لەوەش گرنگتر ئەو رەوشێکی نائارام و تێکۆشەرە کە هەر دەبێ لەگەڵ کۆسپەکانیدا بکەوێتە ململانێوە. ئەو پێوەندییەکی نائارامە لەگەڵ ئەوەی لە رەوشی ئێستادا روو دەدات، هەروەها هەڵبژاردنێکی هۆشیارانەیەو تەرزێکە لە بیرکردنەوەو هەست کردن، هەروەها رێکارێکە لە رەفتار و بەدەنگەوە چوون و نیشانەیە بۆ ناسنامەیەکی دیاریکراو، دیسان وەك ئەرك و بەرپرسیارییەك دێتە پێش چاو کە دەبێ رابپەڕێندرێت.

بەم حاڵەوە، نوێخوازی تەنیا پەیڕەوکردنی مۆدێکی کەلتووری نییە، هەروەها هەر تەنیا»تەڤلی بوون»ێکی خۆبەخۆ و رۆیشتنێکی خۆرسکانەش نییە بەرەو رۆشناییەك کە لە چاوگێکی دیاریکراوەوە پرتەو دەدات، بەڵکوو ئەو بەرگری و تێکۆشانە، هێندەش نابات چاو بە شتانی سەلمێندراوی خۆیدا دەخشێنێتەوە، هێندەش نابات کە «خودی»دەخاتەوە بەر پرسیارەوە.

ئەو رۆحی ئیرادە و تێکۆشانەیە، کە وا لە فۆکۆ دەکات نوێخوازی لە هەر تەنیا رۆیشتن لەگەڵ (مۆد)دا لە یەکدی جیا بکاتەوە، وێڕای ئەوەی (رۆیشتن لەگەڵ مۆد)دا، تازە کردنەوەی کارەکانە، بەڵکوو هەڵگێڕانەوەی ئەوانە. ئەو (فۆکۆ) لەم بارەیەوە ئاماژە بە بۆدلێر دەکات، کە بەم جۆرە نوێخوازی دیاری دەکات بەوەی «راگوزەری ئاوا بووە کە لە کۆنترۆڵ کردن نایەت»، ئیدی تێبینی دەکرێت کە نوێخوازی لەلای (تیۆریزەکاری نوێخوازیی هونەری)، تەنیا ددان پێدانان نییە بەو پەڕینەوە و لەدەست دەرچوونەدا، بەڵکوو ئەو «بریتییە لەوەی هەڵوێستێکی تایبەتت هەمبەر بەو بزووتنەوەیە هەبێت. ئەم ویستە هەڵوێستە، نە بەر لە ساتەوەختی ئێستا، نە لە پاش ئەویشە، بەڵکوو لە نێو ئەودایە».

هەر لەم بارەیەوە فەیلەسووفی فەرەنسی فرانسوا لیوتار، کە بە نامیلکەکەی لەبارەی نوێخوازییەوە، ناوبانگی دەرکرد، لە ساڵی ١٩٨٨دا، دروست لە کتێبەکەیدا «نامرۆیی»، گەڕاپەوە سەر ئەوەی چاو بە هەڵوێستی خۆی و خولیا بوونی بە لێکۆڵینەوە و دیاری کردنی پێشین و پاشیندا بخشێنێتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی سەرنج بە لای ئەوەدا ببات، کە نوێخوازی بەوەی کە وایە، هەمیشە ئارەزووی وایە لە پێستی خۆی دەربچێت، بەم واتایەش دووپاتی دەکاتەوە: «دەبێ گردەبڕانە و بێ پەشیمان بوونەوە بیڵێین، کە نوێخوازی بە پاشە نوێخوازیی خۆیەوە ئاوسە». هەر بۆیە هەر هەوڵێك بۆ تێگەیشتن لە پرسی نوێخوازی بەوەی بیخەینە نێو رێڕەوی پاش و پێشەوە، ناکارا دەبێت، چونکە «دۆخی ئێستا ناخاتە ژێر پرسیارەوە».

ئەم خستنە ژێربارەیە دروست فۆکۆ دووپاتی دەکاتەوە، بەوەی چی دی نوێخوازی پرسی هەست کردن نییە بە ئێستایەکی راگوزەر و بەرەڵڵا، یان گەڕان بێت بە دوای خود لە گەرمەی ئەوە بەرەڵڵاییەدا، بەڵکوو «ئەفراندنی ئەو»ە. نوێخوازی پیادە کردنی پرەنسیپ نییە و پەیڕەو کردنی نموونەگەلیش نییە، بەڵکوو رەخنە گرتنێکی ماندوونەناسانەیە بۆ هەبوونی مێژووییانەمان، ئەفراندنی بێ پسانەوەی خودمانە.

بەم حاڵەوە، پێمان ناکرێ نوێخوازی بە رۆشنگەرییەوە گرێ بدەین، تەنیا بە مەرجی دیاری کردنی واتای هەردووکیان بەو جۆرەی باس کرا نەبێت، بەڵام ئەگەر هەر بە لێکۆڵینەوەی کۆرنۆلۆژی و دیاری کردنی بونیادانە بەسمان لێ کرد، بەبێ ئەوەی حیساب بۆ ئەو هێزەی بە سەریاندا زاڵە، بکەین، ئەوا هیچ شتێك لە بەردەمی خۆماندا نابینین، تەنیا نموونەگەلێك نەبێت کە لاسایی دەکرێنەوە، هەروەها ئایکۆن و قووچەکەیلێك کە دەچەسپێندرێن و لاسایی دەکرێنەوە، ئیدی ئەوکات ئێمە خۆمان نە لە ئاست رۆشنگەری، نە ئەفراندن و نە نوێخوازیدا دەبین. ئێمە خۆمان تەنیا لە بەردەم تاریکی و لاسایی کردنەوەدا دەبین، چی دی نا.

* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی رِبات

**رۆشنگەری هەر تەنیا ناوی ناودارانێک نییە، ئەو دروشم و پرەنسیپیش نییە، چارەسەر و وەڵامیش نییە، بەڵکوو ئەو گرفت و پرسیارە. ئەو»رۆحی فەلسەفەیە» پرسی» پێوەندی بە ئێستا»، هەورەها پرسی»ئەفراندنی خود»یش، دەخاتە روو**

**پێمان ناکرێ نوێخوازی بە رۆشنگەرییەوە گرێ بدەین، تەنیا بە مەرجی دیاری کردنی واتای هەردووکیان بەو جۆرەی باسکراو نەبێت، بەڵام ئەگەر هەر بە لێکۆڵینەوەی کۆرنۆلۆژی و دیاری کردنی بونیادانە بەسمان لێ کرد، بە بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەو هێزەی بە سەریاندا زاڵە، بکەین**

# ئابووریی حکومەت لە ڕێگای نەوت و غازەوە رووی لە سەربەخۆیی ناوە دەبێت بەرەو سەربەخۆیی تاکیش هەنگاو بنێین



پ. جەمال رەسوڵ محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیوێتی

دوا بەدوای نەهامەتیەکی زۆر و ئابلۆوقە ئابوورییەکانی کە لەسەر عێراق دانرابوون، پاش بەلەسەبوونی سەددام لە وڵاتەکانی رۆژئاوا، هەر بە راونانی لە کوێت و دارمانی حوکمەکەی لە هەرێمی کوردستان کە ئەوسا بەو بەشە پێناسە کرابوو کە لە سەروو هێڵی ٣٦ەوە بۆیان دەستنیشان کردبوو، لە دەستپێکی ١٩٩٠ دا بڕیاردرا کە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەوتی عێراق بفرۆشرێت لە بازاڕەکانی جیهاندا و بەشێك لە داهاتەکەی بۆ دابینکردنی خۆراکە سەرەکیەکان بۆ گشت عێراقیەکان بەکار بهێنرێت. ئەمە هەر چەندە بە پاساوی بەربەستی نەهێشتنی برسیەتی کۆمەڵگاکەبوو، بەڵام هەر لە دەستپێکیەوە کاریگەرییەکی خراپ و بێپایانی هەبوو کە ئێستاش بەردەوامە لەسەر کۆمەڵگای عێراقی بە گشتی و زۆر زیاتر بە تایبەتی لە سەر کۆمەڵگای کوردستانی.

ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە لە دانوستاندنەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ سەددامدا، ئەو رەزامەندی دا بە مەرجێك گشت ئەو خۆراکانەی کە بەو پارەیە دابین دەکرێن، لەژێر چاودێری حکومەتی عێراقدا بن و لەو وڵاتانەشەوە هاوردە بکرێن کە خۆیان دەستنیشانی دەکەن. هەر بە دەستپێکی پرۆسەکە، بازاڕەکانی سەرانسەری عێراق پڕ کران لە بەروبوومی دەرەکی کە زۆربەیان بە کوالێتیەکی خراپ و بە نرخێکی وا نزم بوون، کە چیتر بەروبوومی جووتیارەکانی کوردستان نە سوودی بەرهەمهێنانیان بوو نە جووتیاران لە وەبەرهەمهێنان بەردەوام بوون، بە شێوازێك وایلێهات کە کێڵگەکانی کوردستان لە بەکار نەهێنانیاندا بۆ ماوەیەکی زۆر هەر خۆیان لە بەروبووم کەوتن. ئەم هەڵوێستەش بە تایبەتی لە حکومەتی عێراقی ئەوساوەبوو بۆ سزادانی کوردستان کە بەڕێوەبەرانی حکومەتی عێراقیان لە کوردستان راونا و هاوکاری بە زمانی ئەوان «داگیرکەران» بوون. ئەوەی سەرسووڕهێنەرە ئەم سیاسەتە هێشتا پاش لە گۆڕانی سەددام و هاتنە کایەی عێراقی نوێ، هەر بەردەوامە لەژێر ئەو بڕگەیەی دەستووری عێراقدا کە پسولەی خۆراکی لەژێر دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵدا رەشنووس کردووە.

**چەند وردەکاریەك لەسەر پسولەی خۆراك**

هەرچەندە ئەم پرۆسەیە بۆ بەرهەڵستی کردن و کەمکردنەوەی برسێتی بووە و بە دابینکردنی بڕێك لە خۆراکە بنەڕەتیەکان دەستی پێکردووە کە بە گشتی دەکرێت کۆی ٢٣١٠ کالۆری بۆ هەر تاکێك دابین بکات لە رێگای دابینکردنی خۆراکەکانی ئارد و برنج و شەکر و چایی و رۆنی نەباتی و وشکە و خوێ و سابوون و شلە سابوونی پاککردنەوە بۆ گشت عێراقیەك، لەم ٢٢ ساڵەی رابردوودا بە ئاشکرا ١٠ ساڵ زیاترە کە کۆمەڵگای عێراقی لە برسیەتی دەرچووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە

تێچووی پسولەی خۆراك ٨٪ی بودجە زەبەلاحەکەی عێراقە، تێچووی بڕی هەر دۆلارێك کە دەبێت بگاتە هەر هاووڵاتیەك ٦ دۆلاری ئەمریکییە جگە لەوەی کە پرۆسەکە بەگشتی جێپەنجەی خۆی دیاریکردووە لە سنووردارکردنی بوژانەوەی بەروبوومی خۆماڵی و کۆمەڵگایەکی بێ بەرهەمی دروست کردووەو ڕۆڵی لە زیادکردنی هەژاریدا هەیە. دوابەدوای بەگەڕختنی پرۆژە پێنج ساڵیەکەی کەمکردنەوەی هەژاریی و لەسەر ئامۆژگاری پسپۆڕانی نێودەوڵەتی، ئەم لیستە کەم کرایەوە بۆ پێنج ماددە بە مەبەستی وەرگێڕانی بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە چەند هەنگاوێکدا کە دەستپێکەکەی ئەو فەرمانە بوو کە گشت ئەوانەی مانگانەیان لە ١٥٠٠٠٠٠دینار زیاتر بێت لەم پشتگیریی خۆراکە بێ بەرانبەرە بێ بەش بکرێن.

هەر چەندە توانرا ئەم کەمکردنەوەیە بەسەر فەرمانبەرانی حکومەتدا بچەسپێنرێت، دەستنیشانکردنی ئەوانەی لە کەرتە جیاجیاکانی تایبەتدا کار دەکەن و داهاتیان لە ١,٥ ملیۆن دینار زیاترە بە ئاسانی دەرباز دەبن دەستنیشان ناکرێن ئەگەر هاوکاری تەواو لە تاکەکانی کۆمەڵگاوە نەبێت و لاوازی ئەم بوارەش کێشەی بۆ جێبەجێکردنی فەرمانە کە دروستکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لاوازی و کەموکوڕی لە بەڕێوەبردنیدا دەنگی داوەتەوە لە قۆرخکردنی بەدەستهێنانی کڕینی خۆراکەکان و لە نەشیاوی زۆربەیان و لە کێشەکانی گەیاندنیان بۆ بەشەکانی کۆمەڵگا لە کاتی خۆیدا، لە ٢٠١٢/١٠/٧ دا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بڕیاری ڕاگرتنی پسولەی خۆراکی دا و هەر بە بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە لە میدیاکاندا، کۆمەڵگای عێراقی کەوتنە شەقامەکان و دژایەتی خۆیان بۆ بڕیارەکە لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان دەربڕی و هیچیان بۆ بڕیاردەرانی حکومەتی فیدراڵ نەهێشتەوەو زۆریان لێکردن کە بەپەلە لە بەرواری ٢٠١٢/١٠/١١ دا لە بڕیارەکە پاشگەز ببنەوە. دوا بەدوای ئەم پاشگەزبوونەوەیە بڕیارێك دیکە دراوە بەهاوکاری چەند کۆمپانیایەك پشکی هەر خێزانێك لە پسولەی خۆراك لە ناو سەندوقێکی کارتۆنیدا بە هاووڵاتیان بگەیەنرێت! ئەم بڕیارەش دەرکراوە بەبێ ئەوەی تەنانەت بیر لە شایستەیی ئەوە بکرێتەوە کە ئەو خۆراکانە پێکەوە گونجاو نابێت بخرێنە ناو یەك سندوقەوە جگە لەوەی کە تێچووی گەیاندنیان بە هاووڵاتیان دووبەرانبەر زیاد دەکات!

### هەوڵەکان بۆ چارەسەر

یەکێك لەو بڕیارە بوێر و مێژووییانەی کە بڕیاردەران و سیاسەتمەدارانی هەرێم داویانە ئەبێت ئەوەبێت کە زمانی هێزیان گۆڕی بە زمانی دانوستاندن و بنیادنانی یەك ریزی لە کێشە نیشتیمانییەکاندا و بەهیوای گرنگیدان بە زانست لە پرۆسەی بنیادنانی کۆمەڵگایەکی وەبەرهێنەر و تێگەیشتوو و تەندروست و هەڵوێستەکانی هەر تاکێك کارامە بن بەرانبەر بە خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگاکەی و نیشتمانی. ئەم پرۆسەیەش هەرچەندە هەر لە خۆیدا ئاڵۆزەو ساڵەها ساڵە چەوسانەوە و دەمکوتکردن و گەلێك کرداری نا مرۆڤانە کە لە گشت لایەنەکانەوە بەرانبەرمان کراوە بارودۆخی کوردستانەکەمانی هێندەی دیکە ئاڵۆز کردووە و ئێمەی کوردستانی پێویستە بە هەناسەیەکی قووڵترەوە کاری لەسەر بکەین. ئەمەش «یان کوردستان یان نەمان»ـە بەڵام بە شێوازە تازەکەی و سەربەخۆیی ئابووری لەسەر هەردوو ئاستی حکومەت و تاك، یەکێك لە کلیلە سەرەکییەکانی ئەم پرۆسەیەیە. دەکرێت بووترێت کە بۆ یەکەمیان هەنگاوی پیرۆز نراوە و ڕۆڵی نەوت وغاز و بۆرییە تازەکانی ئەوە دەسەلمێنن، بەڵام بواری دووهەمیان کە سەربەخۆیی ئابووری تاکە، کەمتر گرنگی پێ دراوە هەرچەندە هەردووکیان تەواوکەرێکی لەیەك دانەبڕاون و دابڕاندنیشیان مەترسیدار دەبێت. هەر چەندە سەربەخۆیی ئابووری تاك، کارێکی هەمەلایەنەو ئاڵۆزە، دەبینین کە چۆن لە دەیان ساڵانی ڕابردوودا، پسولەی خۆراك سەروەری تاك و خێزانی داگیر کردووە و وەك خەونەکەی سەددام، سەروەری لە کۆمەڵگا سەندۆتەوە، ئەمەش زیاتر دروستە لەسەر کۆمەڵگای کوردستانی لەبەر ئەوەی کە هەر لە دێرینەوە، کۆمەڵگایەك بووە کە پشتی بە جووتیاریی و کشتوکاڵ و مەڕوماڵات و بەروبوومەکانی بەستووە و هەر لەسەر ئەوانەش بنیاد نراوە. مێژووش سەلماندی هەرکە سەددام گشت ئەوانەی لێ سەندینەوە، تەنها کۆیلەییمان بۆ مایەوە.

لە کاتێکدا کە حکومەتی فیدراڵ بە هاوکاری هەرێم و بانکی جیهانی سەرقاڵی پێداچوونەوەی بەرنامەی پسولەی خۆراك بوو بۆ دامەزراندن و باشترکردنی جۆری خۆراکەکان و گەیاندنیان بە خێزانە عێراقیەکان لە کاتی خۆیدا، لە وۆرکشۆپی بانکی جیهانی ٧-٢٠١١/٤/٨ لە بەیرووت پرۆژەیەکم پێشکەشی لیژنەی باڵای پسولەی خۆراك (کە خۆم ئەندامم لەو لیژنەیەدا ) کرد بۆ پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی پسولەی خۆراك بە ناونیشانی «لە فیرعەونەوە بۆ عەون» و گۆڕینی بۆ سیستمی کۆبوون و تاقیکردنەوەی لە هەرێم و ئەگەر سەرکەوتوو بێت، بۆ سەرانسەری عێراق پەیڕەو بکرێت. لە ناوەڕۆکدا، پێشنیارەکە داوای ئەوەی دەکرد کە مەرکەزییەت کۆتایی پێ بهێنرێت و پارێزگاکان کارەکە بگرنە دەست، هاوردەی ئەو کاڵایانەی کە دەکرێت خۆمان بەرهەمی بهێنین ڕابگیرێت، لیستی کاڵاکان زیاد بکرێت کە گشت بەروبوومە خۆماڵیەکان بگرێتە خۆی، سیستمێکی «کۆبوون» دابمەزرێت کە هەر خێزانێك بتوانێت لە چەند بازاڕێکی نزیکی خۆی بە کۆبوون پشکەکەی خۆی وەربگرێت و بازاڕەکان لە بانکی هەرێم کۆبوونەکان بە پارە بگۆڕنەوە و سیما و مەبەستی پسولەی خۆراك لە ڕزگارکەری برسیەتیەوە بگۆڕێت بۆ ڕەوڕەوەی بووژانەوەی ئابووری و خۆتێری.

ئەمەش دەزگاکانی حکومەت دەرباز دەکات لە گواستنەوە و شوێنی هەڵگرتن و کۆکردنەوە و خێزانەکان زیاتر سوود لە پشکەکانیان دەبینن سەرپشك دەبن لەو کاڵایانەی کە لەو

**پرۆژەی لەفیرعەونەوە بۆ عەون پسولەی خۆراك دەگۆڕێت بۆ سیستەمی کۆبوون و مەرکەزییەت کۆتایی پێدەهێنێت**

**بەغدا ڕەزامەند نەبوو لەسەر گۆڕینی پسولەی خۆراك بۆ سیستەمی کۆبوون و دان بەوەش دەنێن کە لە پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبوون**

کاتەدا پێویستیانە و بەروبوومی خۆماڵی دەکەوێتە گەڕ و دوای ماوەیەکی کەم، بوژانەوەیەکی بەرچاو بە خۆیەوە دەبینێت و یاریدەدەر دەبێت لە بوژانەوەی گوندەکانمان و ژیان لە ناویاندا سوودمەند بێت و هەژاری کەم دەبێتەوە. واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە ماوەیەکی زۆرە فێری ماسی خواردنمان کردوون، دەست بە ماسی گرتن دەکەنەوە هەر وەك ئەو قسە نەستەقەی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە لە بەریتانیا، بەڵام چینیەکان کراون بە خاوەنی کە دەڵێت «ئەگەر ماسیەك بدەی بە تاکێك، بۆ ڕۆژێك لە برسیەتی ڕزگاری دەکەیت، بەڵام ئەگەر فێری ماسی گرتنی بکەیت، بۆ درێژایی ژیانی تێری دەکەیت». پێداچوونەوەی پسولەی خۆراك و گۆڕینی بۆ سیستمی کۆبوون لە ئەنجامدا تاکەکانمان فێری ماسی گرتن دەکات ئەگەر بەو شێوازەش بێت، لە ئامرازێکی نەهێشتنی برسیەتیەوە دەبێتە ڕەوڕەوەیەکی بووژانەوەی ئابووری و هێندەش پێویست ناکات بە تەنگ سڕینەوە و نەهێشتنی بین. لێرەدا شایەنی باسە ئاماژە بەوە بکرێت کە گیرفان پڕکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا خێراتر لە هۆشیار کردنەوەیان و مێشك پڕکردنیان بۆ هەر مەبەستێك بێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا هەر ئەو تاکانە دەبنە بەربەستی پێشکەوتن و دامەزراندنی سیستمێکی تۆکمە کە زۆرینەی بەشەکانی کۆمەڵگا لەسێبەریدا بە بەردەوامی گەشەبکات و بەرگری لە هەر نەهامەتیەك بکات کە خوا نەخواستە بەرەنگاری هەرێمەکەمان ببێتەوە.

هەر لەو ڕوانگانەوە و پاش داکۆکیکردن لەسەر پێویستی ئەو پێداچوونەوە بنەڕەتییە کە پێشنیارمان کردبوو، لە کۆبوونەوەکەی بەیرووتدا، بانکی جیهانی ڕەزامەندی نیشاندا بۆ هاوکاری تاقیکردنەوەی بیرۆکەکە لە هەرێم و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە ئامادەییان دەربڕی کە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دەرەوە وەرگربگیرێت و بە سەرکەوتنی، گشتگیر بکرێت بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق. هەر دوابەدوای ئەوە، بە هاوکاری دەستەی ئاماری هەرێم ڕوپێوێك ئەنجامدرا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە سەر هەر دوولایەنی بریکاران و خێزانە سوودمەندەکان و لە ئەنجامدا ئاستی ڕەزامەندیان بۆ گۆڕینی و فراوانکردنی پشك و ژمارەی کاڵاکان دەربڕی لەگەڵ ناڕەزاییان لە پسولەی خۆراك بەم شێوازەی ئێستا هەیە و ئەنجامەکانی لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا لەسەر پسولەی خۆراك لە ٥-٢٠١٢/٣/٧ لە واشنتۆن پێشکەشی لیژنەی باڵاو بانکی جیهانی کرا و بە پشتگیری بانکی جیهانی دووبارە بەغداد ڕەزامەند نەبوون بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە لە هەرێم دیسان بە پاساوی ئەوەی کە پسولەی خۆراك لە سڕینەوەدایە و هەرچەندە نە سڕینەوەی و نە گۆڕینی بۆ توڕی کۆمەڵایەتی لە هیچ لایەکەوە دیارنییە و هەر خۆشیان دان بەوەدا دەنێن کە کۆمەڵگا ڕێگای لابردنی نادات و ئەوانیش وەك بەرپرسی سەرەکی لە پرۆسەکە بەپێی دەستوور نەیان توانیوە ئەم کارە ئەنجام بدەن.

دوابەدوای ئەو هەوڵە و پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئابووری هەرێم و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر پێشنیاری گۆڕانکارییەکە بۆ بانکی جیهانی بە زمانی ئینگلیزی، لە ٢٠١٢/٣/١٣ دا بە فەرمی داواکارییەکی کە پێشکەش بە سەرۆکی لیژنەی پسولەی خۆراك لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ کرا بۆ ڕەزامەندیی تاقیکردنەوە پێشنیارکراوەکە لە هەرێم. هەرچەندە ئەم هەوڵەش دەکرێ بە بێسوود دابنرێت دەربارەی خواستی گۆڕانکارییەکان کە ئێمە کارمان بۆی دەکرد، بەڵام بە گشتی هەست بەوە دەکرا کە پشتگیرانی بیرۆکەکە زیاد بوون و ئەوەش زیاتر لە کۆبوونەوەی ئەستەنبوڵ دەبینرا کە بانکی جیهانی بۆ هەمان مەبەست ڕێکی خستبوو لە دەستپێکی شوباتی ئەمساڵدا. لەم وۆرکشۆپەدا ئەزموونی



**بە سەرۆکایەتی ڕێزدار بریکاری سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ، د ڕۆژ نووری شاوەیس لە بەغداد کۆنفرانسێك ئەنجام درا کە تێیدا ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی بە هاوکاری ماستەرکارد بەرنامەیەکیان پێشکەش کرد بۆ دامەزراندنی کارتی زیرەك**




**کارتی زیرەک بەچەند شێوازێک لەمیسر و هیندستان و مەکسیک پەیڕەوکراوەو دەکرێت لەعێراقیش سوودی لێوەربگرین بۆ گۆڕینی پسولەی خۆراک**

چەند وڵاتێکی وەك میسر و هیندستان و مەکسیك و چەند وڵاتێك نیشان درا کە تێیاندا کارتی زیرەك بە چەند شێوازێك بەگەڕ خراون بۆ باشتر بەڕێوەبردن و بەئەنجامدانی پسولەی خۆراك. هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا بەڵێن درا کە کار لەسەر بە کۆبوونکردنی پرۆسەکە بکرێت. بۆ ئەم کارەش ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی ئامادەکاریی دەربڕی کە ئەزموونی خۆی بخاتە گەڕ هەروەك لە دابینکردنی پێداویستیە خۆراکییەکانی پەناهەندەکانی سوریا دا بە شێوازی کۆبوون ئەنجام دەدرێت.

دوابەدوای ئەم وۆرکشۆپە، لە ناوەڕاستی ئەمساڵدا (٢٠١٣)، بە سەرۆکایەتی ڕێزدار بریکاری سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ، د ڕۆژ نووری شاوەیس لە بەغداد کۆنفرانسێك ئەنجام درا کە تێیدا ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی بە هاوکاری ماستەرکارد بەرنامەیەکیان پێشکەش کرد بۆ دامەزراندنی کارتی زیرەك کە بەهۆیەوە بتوانن پشکی هەووڵاتیان لە کاڵا دەستنیشانکراوەکان زیاد بکەن و گرنگی بە کاڵا خۆماڵییەکان بدەن و بە پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە نوێیە، گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان دێنە ئەنجامدان، بەڵام ئەو ئامادەکارییە لەسەر خەملاندنی خۆیان، دوو ساڵی دەوێت و ئەوەش جێگای داخە، چونکە نە عێراق و نە کوردستان ئەو کاتەیان نییە کە چاوەڕوانی بن.

**کارتی زیرەک کە بەهۆیەوە دەتوانرێت پشکی هەووڵاتیان لە کاڵا دەستنیشانکراوەکان زیاد بکرێت و گرنگی بە کاڵا خۆماڵییەکان بدرێت**

*** ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەریمی کوردستان**